




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**ئەحمەد عەزیز**
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***


## بەشار کیکی:



**پارتی پشتئەستورە بە جەماوەری خۆی بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا دەرئەنجامێکی بەرچاو بەدەست بهێنێت**

## هیوا قەرەنی:



**چەندین پرۆژە چوونەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، بەڵام فراوانبوونی خێرای دەڤەرەکە وا دەخوازێت گرنگیی زیاتر بە ڕاپەڕین بدرێت**

## قەشە پترۆن یۆنان داود:



**ئەو پێکەوە ژیانەی لە کوردستان هەیە بە حیکمەت و دەسەڵاتی سەرۆک بارزانی پارێزراوە**

## ئاوات زەردەشتی:



**بۆ پتەوکردنی دەوڵەتێکی دامەزراوەیی و یاسایی باشترە ئایین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە**

نەدا مێرگەسۆری



**هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمانی عێراق چ شتێک دەگۆڕێت؟**


تانیا ڕەسول :

**هەر لە منداڵییەوە حەزم لە ئیشکردن بوو، هەمیشە هەوڵی ئەوەم داوە خاوەن ئابووری و داهاتی خۆم بم**




چاوان بەهادین :

**ئەو یارییەی من هەڵم بژاردووە بە بووکی یارییەکان دادەنرێت**



**ڕۆبۆتی زیرەکی PiBo هاوڕێیەک بۆ ساتەکانی تەنیایی**



**پێویست بە ژەمی سێیەمی ڤاکسینی کۆرۆنا ناکات**




حەسنا لەعکوبی :

**هونەر سەنگ و بەهای جارانی نەماوە**





# پارتی دیموکراتی کوردستان

## بۆ زەروورەتی پاراستنی-بوون-ی گەل و خاک دامەزراوە





> **لە چوارچێوەی سیستمی پادشایەتیی عێراقدا، نە گەلێک هەبووە بە ناوی گەلی کوردستان، نە خاکێک هەبووە بە ناوی کوردستان، هەتا پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوە دامەزرابێت نوێنەرایەتیی گەل و خاکی کوردستان لەناو پەرلەمانی عێراقدا بکات**

> **مسعود بارزانی ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان، سەبارەت بە زەروورەتی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، جەخت لەوە دەکاتەوە: «پارتی لەناو قووڵایی نائومێدیی گەلی کوردستاندا بۆ زیندووکردنەوەی ئومێد هاتەدامەزراندن»**

چەند بگەڕێیت بە ناو تیۆرەکانی زانستی فەلسەفەی سیاسیدا، یان بگەڕێیت بە ناو هەموو ئەو کتێب و توێژینەوانەی لە سەدەی بیستەمدا لەسەر – حزبی سیاسی- نووسراون، پێناسەیەکت دەست ناکەوێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا وەك حزبێکی سیاسی بۆ نوێنەرایەتیی ئایدیۆلۆژیەتێکی تایبەت، یان چین و توێژێکی دیاریکراو پێناسە بکاتەوە.

مێژوونووس و بیرمەندی جیهانی یۆڤال نوح هەراری لە کتێبی «٢١ وانە بۆ سەدەی بیست و یەکەم»، سەدەی بیستەم بەسەر سێ چیرۆکدا دابەش دەکات، ئەوانیش چیرۆکەکانی (سەرمایەداری و کۆمۆنیست و نازی)یە، دیارە لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی، چیرۆکی نازیەت کۆتایی هات و، تەنیا هەر دوو چیرۆکی (سەرمایەداری و کۆمۆنیست) مانەوە و، لە نێوان ئەم دوو چیرۆکەدا شەڕی سارد دروست بوو، کە بە ڕووخانی دیواری بەرلین، چیرۆکی کۆمۆنیستیش کۆتایی هات و، تەنیا چیرۆکی سەرمایەداری – لیبراڵ دیموکراتی- مایەوە، کە ئەویش ئێستا لە سەدەی بیست و یەکەمدا لەبەردەم داکشانێکی گەورەدایە.

بەپێی بۆچوونەکانی «هەراری» بۆ چیرۆکەکانی سەدەی بیستەم، پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ و لە دوای سەرکەوتنی هەردوو چیرۆکی – سەرمایەداری و کۆمۆنیست - هاتووەتە دامەزراندن، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستەکردن و تێڕامانێکی قووڵە، ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان، نە لەو حزبە سیاسییە کۆمۆنیستانە دەچێت کە بە پشتیوانیی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان لە تەواوی وڵاتانی جیهان دروست کراون، نە لەو حزبە سیاسییانەش دەچێت کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوای دیموکراتی بۆ نوێنەرایەتیی چینێك، یان ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراو هاتوونەتە دامەزراندن.

لێرەوە ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەراوردکارییەکی سیاسییانە بخەینە چوارچێوەی چیرۆکی سەرکەوتنی –کۆمۆنیست- و، بەو ئیعتوبارەشی کە لەو سەردەمەدا ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی لە عێراق و کوردستان بەربڵاو بووە و، خاوەنی گەورەترین حزبی سیاسی بووە، کە ئەویش «حزبی شیوعی عێراق»ـە، ئەوا ئەوەی دەبێتە جێگەی سەرنج و هەڵوەستەکردن ئەوەیە کە لەناو ئەو ژینگە سیاسییە چەپ و مارکسیستەدا، پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتێکی چەپ، یان کۆمۆنیستی نەبووە، بەڵام ئایدیۆلۆژیەتی کۆمۆنیستیشی لە ڕووی یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوە ڕەتنەکردووەتەوە و، هەوڵیداوە سوود لە مارکسیەت وەربگرێت بۆ چەسپاندنی یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

دیسان ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو چیرۆکی سەرکەوتنی «سەرمایەداری و لیبراڵ دیموکراتی»یشدا بەراوردکاریی سیاسی بۆ بکەین، ئەوا ڕاستە لە دەوڵەتی پادشایەتی عێراقدا ئەنجومەنی نوێنەران هەبووە و، هەڵبژاردنیش بۆ نوێنەرەکانی پەرلەمانی عێراق ئەنجام دراوە، بەڵام سیستمی پادشایەتیی عێراق بە هیچ شێوەیەك دانی بە گەلێکدا نەناوە وەك گەلی کوردستان و خاکێك بە ناوی کوردستان، بۆیە لە چوارچێوەی سیستمی پادشایەتیی عێراقدا، نە گەلێك هەبووە بە ناوی گەلی کوردستان، نە خاکێك هەبووە بە ناوی کوردستان، هەتا پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوە دامەزرابێت نوێنەرایەتیی گەل و خاکی کوردستان لەناو پەرلەمانی عێراقدا بکات، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ناوی «پارتی دیموکراتی کوردستان» خۆی ڕاگەیاندووە، بەڵام وەك حزبێکی سیاسی لە ناو دەوڵەت و سیستمێکی دیموکراتیدا لە دایك نەبووە.

مسعود بارزانی ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان، سەبارەت بە زەروورەتی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، جەخت لەوە دەکاتەوە: «پارتی لەناو قووڵایی نائومێدیی گەلی کوردستاندا بۆ زیندووکردنەوەی ئومێد هاتەدامەزراندن»، ئەم پێناسەی مسعود بارزانی کە پێمان دەڵێت: پارتی لەناو نائومێدیی گەلی کوردستاندا هاتووەتە دامەزراندن، ئەمە مانای ئەوەیە خودی ئەوە نائومێدییە جۆرێك لە دڵەڕاوکێ (قلق)ی سەبارەت بە نەمانی ناسنامە و نیشتمانی گەلێك و نەتەوەیەك لای هەر

تاکێکی کوردستان دروست کردووە و، هایدگەر گوتەنی، دڵەڕاوکێ (قلق)، بریتی نییە لە ترسێکی ناوخۆیی، یان دەرەکی، بەڵکو شڵەژانێك لە ناو هزر و بیرکردنەوەی مرۆڤ بە ئاستێك دروست دەکات، کە ناچار بێت لە پێناو دووبارە پێناسەکردنەوەی بوونی خۆی هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات و، پاراستنی ئازادی بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێت، کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت: ئەو نائومێدییەی مسعود بارزانی باسی دەکات بە ئاستێك هزر و بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی وروژاندووە کە خەو لە چاوەکانی بزڕێت و، بۆ ڕەواندنەوەی ئەو دڵەڕاوکێ و قەلەقییەی کە نائومێدی لەناو ناخی گەلی کوردستاندا دروست کردبوو، بەرپرسیاریەتی ئەم نائومێدییە بخاتە سەر شانی خۆی و بیر لە ئامرازێك بکاتەوە کە دووبارە لە ناو مێژووی گەلی کوردستاندا پێناسەی گەل و خاکی کوردستان بکاتەوە و، ئەو ئامرازەش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

### ● پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئامرازەوە بۆ ئومێد

هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو تەنیا بۆ ستایش و پێداهەڵدان نییە، بەڵکو دووبارە هێنانەوە گۆی خودی مێژووەکەیە بۆ ئەوەی نەوەکانی ئێستا و داهاتوو، هەم سوود لەوانە باشەکانی وەربگرن، هەمیش هەڵەکانی ئەو مێژووە ڕاست بکەنەوە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە کاتێك باسی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناو مێژووی پارتە سیاسییەکان و تەواوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دەکەین، ئەوا دەبێت گوێ لە خودی مێژوو بگرین، بۆ ئەوەی بزانین چیمان پێ دەڵێت، نەك خۆمان مێژوویەك بگێڕینەوە کە لایەنە باشەکانی بخەینەڕوو و هەڵە و کەموکورتییەکانیش لە نەوەکانی ئێستا و داهاتوو بشارینەوە.

ئەم ئاراستەیە بۆ خوێندنەوەی مێژوو لای پارتی، ئەومان پێ دەڵێت کە، پارتی هەرگیز نە بە سەرکەوتن غروور بووە و، نە لە شکستیشدا نائومێد بووە، هەرگیزیش لە بەرپرسیاریەتی هەڵنەهاتووە، هەر بۆیە دوای هەر دەستکەوت و سەرکەوتنێك، هەوڵەکانی پارتی بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوت و سەرکەوتنانە کە بە خوێنی پێشمەرگە بەدەستهاتوون، لەکاتی شکستیشدا بە هەمان شێوە شانی داوەتە بەر بەرپرسیاریەتی و هەوڵیداوە شکست و هەڵەکانی خۆیشی ڕاست بکاتەوە.

ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندییەی پارتی کە هزر و بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی-یە و لە ناو پارتیدا ڕەنگی داوەتەوە، متمانەیەکی ئەوتۆی لای هاوولاتیان دروست کردووە، بە مانای «پارتی وەك ئامرازێکی دروست بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان»، بووەتە هۆکاری ئەوەی کە خەڵکی کوردستان ئومێد لەسەر ئەو ئامرازە هەڵبچنێت و بە هیواوە سەیری بکات و، چاوەڕێی ئەوەی لێ بکات، کە تەنیا بەو ئامرازە (پارتی دیموکراتی کوردستان) دەگەینە تەواوی ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان و سەرەنجامیش هەر ئەو ئامرازە دەستکەوتەکانیش دەپارێزێت.

لێرەوە ئەگەر سەرنجێك لەسەر سەرەتای دامەزراندنی پارتی و دوورکەوتنەوەی مستەفا بارزانی بۆ تاراوگەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بدەین، دەبینین لەناو ئەو قۆناخە سەختە سیاسییەی ناوخۆی عێراق و گرفتەکانی ناو پارتی لە غیابی مستەفا بارزانی و، لەولاشەوە لەناو ژیانی مەرگەساتی تاراوگەیی، مستەفا بارزانی نەك هەر تەنیا لەسەر ئاستی ناوخۆ توانی ئومێد بۆ گەلی کوردستان دروست بکاتەوە، بەڵکو لەو قۆناخە سەختەی ژیانی تاراوگە و دەربەدەرییەدا، توانی دۆزی ڕەوای کوردستان بە شێوەیەکی زۆر کاریگەرانە لەسەر ئاستی جیهان تەدویل بکات و، ناسنامەیەك بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لەسەر ئاستی جیهان دروست بکات.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناو فیکری مستەفا بارزانی و بپرسین: ئایا پارتی وەك ئامراز بە چ ئامانجێك دامەزرێنرا؟ بێگومان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا مێژوو پێمان دەڵێت: «پێش ڕاگەیاندنی پارتی لە ساڵی ١٩٤٦، پێشینەیەك لە فیکری مستەفا بارزانی سەبارەت بە چەمك و مانای پارتی بوونی هەبووە، هەر بۆیە مستەفا بارزانی تەنیا کاریزمایە لە سەدەی بیستەمدا کە دوای بەرپاکردنی شۆڕش (شۆڕشی دووەمی بارزان)،

**هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو تەنیا بۆ ستایش و پێداهەڵدان نییە، بەڵکو دووبارە هێنانەوە گۆی خودی مێژووەکەیە بۆ ئەوەی نەوەکانی ئێستا و داهاتوو، هەم سوود لەوانە باشەکانی وەربگرن، هەمیش هەڵەکانی ئەو مێژووە ڕاست بکەنەوە**

**«پارتی وەک ئامرازێکی دروست بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان»، بووەتە هۆکاری ئەوەی کە خەڵکی کوردستان ئومێد لەسەر ئەو ئامرازە هەڵبچنێت و بە هیواوە سەیری بکات و، چاوەڕێی ئەوەی لێ بکات، کە تەنیا بەو ئامرازە (پارتی دیموکراتی کوردستان) دەگەینە تەواوی ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان و سەرەنجامیش هەر ئەو ئامرازە دەستکەوتەکانیش دەپارێزێت**

**مستەفا بارزانی نەک هەر تەنیا لەسەر ئاستی ناوخۆ توانی ئومێد بۆ گەلی کوردستان دروست بکاتەوە، بەڵکو لەو قۆناخە سەختەی ژیانی تاراوگە و دەربەدەرییەدا، توانی دۆزی ڕەوای کوردستان بە شێوەیەکی زۆر کاریگەرانە لەسەر ئاستی جیهان تەدویل بکات و، ناسنامەیەک بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لەسەر ئاستی جیهان دروست بکات**

**چەمکی —پارتی وەک بەرەیەک بۆ یەکبوونی ئیرادەی گەلی کوردستان- لەناو شۆڕشی دووەمی بارزانەوە سەرچاوە دەگرێت**

**مستەفا بارزانی داهێنانێکی تازەی لە ئەقڵی سیاسیی کوردستاندا هێنایە ئاراوە، ئەویش ئەوە بوو، لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و ئەفسەرە ئازایخوازەکان و پارتە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە بەتایبەتی (حزبی هیوا)، لیژنەیەکی بۆ بەڕێوەبردنی شۆڕش دامەزراند و ناوی لێنا «لیژنەی ئازادی»**

بیری لە دامەزراندنی پارتی کردووەتەوە، ئەم ئاراستەیە پێمان دەڵێت: چەمکی —پارتی وەك بەرەیەك بۆ یەکبوونی ئیرادەی گەلی کوردستان- لەناو شۆڕشی دووەمی بارزانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەناو شۆڕشی دووەمی بارزاندا، مستەفا بارزانی داهێنانێکی تازەی لە ئەقڵی سیاسیی کوردستاندا هێنایە ئاراوە، ئەویش ئەوە بوو، لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و ئەفسەرە ئازایخوازەکان و پارتە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە بەتایبەتی (حزبی هیوا)، لیژنەیەکی بۆ بەڕێوەبردنی شۆڕش دامەزراند و ناوی لێنا «لیژنەی ئازادی»، ئەم قسانەی مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، ئەوەمان فێر دەکات کە لە فیکری مستەفا بارزانی-دا، تەنیا لە ناو مێژوو و ئیرادەی گەلی کوردستاندا ئەو توانایە دێتە بوون کە توانای ئەوەی هەبێت ئازادی بۆ گەلەکەی و سەربەخۆیی بۆ نیشتمانەکەی بە دەست بهێنێت.

کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت: پێناسەی پارتی بە جیاواز لەگەڵ هەموو ئەو حزبانەی لەو سەردەمە لەگەڵ پارتی بوونیان هەبووە و، ئەوانەشی دوای ئەو سەردەمە هاوشانی پارتی دامەزراون، ئەوەیە کە پارتی پێناسەی خۆی وەك ئامراز لە ناو مێژووی کوردستان و ئیرادەی گەلی کوردستاندا وێنە کردووەو، مێژوو و ئیرادەی گەلی کوردستان سیاسەت و خەباتی پارتی ئاراستە کردووە و، هەموو خەڵکی کوردستان بە جیاوازی چینایەتی و جیاوازی ئیتنی و ئایینەوە وەك ماڵی خۆی لەناو پارتیدا خۆی بینیوەتەوە، هەر ئەمەش وایکردووە ئەم ئامرازە کە (پارتی)یە ببێتە جێگەی ئومێدی هەمووان و لە پێناوی بەدیهێنانی ئومێدی خەڵکی کوردستان، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان سەلماندوویەتی بۆ ئەو ئامانجەی لە پێناویدا دامەرزاوە، ڕاستگۆیە و ئێستا درێژەپێدەری هەمان پەیام و ئامانجە.

## ● پارتی لە دوای گەڕانەوەی بارزانی و دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوولدا

دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشان و ئەو پێشوازییە گەرم و گەورەیەی لەلایەن تەواوی گەلانی عێراق و کوردستانەوە لێی کرا، ئیدی ناوی بارزانی ببووە هێمایەك بۆ تەواوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، بۆیە لەناو ئەم جۆش و خرۆشە جەماوەرییەی گەلی کوردستان، مستەفا بارزانی بڕیاری گۆڕانکاری لە چوارچێوەی بەستنی کۆنگرەیەکی پارتیدا دەرکرد و، لەو کۆنگرەیەشدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە سکرتێری حزب و ئەندامانی سەکردایەتی و مەکتەبی سیاسی ئەنجام دران، ئەمانەش هەمووی بەو ئامانجە بوون کە پارتی خۆی بۆ دوو ئەرکی سەرەکی ئامادە بکات:

١- بەشداریکردن بۆ پاراستنی دەستووری کاتیی عێراق کە ددانی بەوەدا نابوو: «عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە».

٢- ئامادەباشی بۆ پاراستنی ئەم دەستکەوتە بە هەموو توانایەکەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦١ زۆر هەوڵیدا کە ئەو دەستوورە جێبەجێ بکرێت کە لە دوای ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ڕاگەیەنراوە، بەڵام حکومەتی قاسم لە بەڵێنەکەی پاشگەز بووەوە و سەرەنجام لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ شۆڕشی کوردستان دەستی پێ کرد، ئامانجی ئەم شۆڕشەش تەنیا سەلماندن و بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان بوو، بۆیە هاوشانی خەباتی چەکداری، خەباتی دیپلۆماتی دەستی پێکرد و، دەرگای دیالۆگ و گفتۆگۆ لە بەر ڕۆشنایی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان لەگەڵ عێراق بە کراوەیی هێڵدرایەوە و، لە ماوەی کەمتر لە سێ ساڵ خەباتی چەکداری، حکومەتی عێراق ناچار کرا، داوای دانوستاندن بکات، بۆ ئەمەش بارزانی لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە کۆیە کۆبووەوە و، ئەو پرسەی باس کرد: ئایا دانوستاندنەکە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانە، یان نە، پاش ئەوەی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان ئەمەیان بۆ بەرژەوەندیی گشتی لە قەڵەم دا، مستەفا بارزانی ئاگربەستی لەگەڵ حکومەتی عەبدولسەلام عارف ڕاگەیاند، بەڵام مەکتەبی سیاسیی پارتی بەمە ڕازی نەبوو، بیانووی مەکتەبی سیاسیی پارتی ئەوە بوو، نابێت لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندیی خەڵك بڕیار بدرێت، بەڵکو دەبێت بەرژەوەندیی حزب لەبەر چاو بگیرێت و خەڵك





بەرژەوەندیی حزبی لا گەورەتر بێت، نەك بەرژەوەندیی گشتی، بەڵام لە بەرامبەردا مستەفا بارزانی بەرژەوەندیی گشتی خەڵكی كوردستانی لە بەرژەوەندیی پارتی لا گەورەتر بوو، بۆیە مەكتەبی سیاسی لە ساڵی ١٩٦٤ جیابوونەوەی خۆی ڕاگەیاند و چوونە ئێران و، دوای ئەوەی مستەفا بارزانی لێبوردنی بۆ دەركردن و گەڕانەوە بۆ كوردستان، دوای یەك دوو ساڵ بەشێكیان گەڕانەوە بۆ لای حكومەتی عێراق و بوونە بەشێك لەو چەكدارانەی كە دژایەتیی شۆڕشی كوردستانیان دەكرد.

لەدوای ئەم جیابوونەوەیە و دووبارە گەڕانەوەی پارتی بۆ ئەو ئامانجەی لە پێناویدا دامەزراوە، لە ماوەی چوار ساڵی نێوان ١٩٦٦-١٩٧٠، بە درێژەپێدانی خەباتی جوامێرانەی هێزی پێشمەرگەی كوردستان و خەباتی دیپلۆماتیی سەردەمییانە، توانی حكومەتی عێراق ناچار بكات كە لە ئاداری ١٩٧٠ ڕێككەوتننامەی مێژوویی ١١ی ئادار ئیمزا بكات، ئەم ڕێككەوتننامەیەش تا ئێستا تەنیا دیكۆمێنتی یاسایی و دەستوورییە كە لە هەر چوار پارچەی كوردستان بەدەست هاتبێت و، هەر ئەم دیكۆمێنتە یاسایی و دەستوورییەش بووە بنەما بۆ دانوستاندنەكانی ساڵانی دوای ١٩٧٥ تا ١٩٩١ و، پاشانیش دامەزراندنی پەرلەمانی و حكومەتی هەرێمی كوردستان و ئێستاش وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

## • پارتی لە ئێستادا و هەنگاوەكانی بۆ داهاتوو

پارتی دیموكراتی كوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ لەناو كۆماری كوردستانەوە بۆ دامەزراندنی كۆمارێكی دیكەی كوردستان دامەزراوە، ئەمەش بەو مانایەی ئامانج لە دامەزراندنی پارتی وەك ئامرازێك ئەوەیە كە بەم ئامرازە كیان و قەوارەیەكی سیاسی بۆ گەلی كوردستان دروست بكرێت و لەناو ئەو كیان و قەوارە سیاسییەدا گەلی كوردستان بە جیاوازیی ئایین و ئیتنییەوە، ئازادانە پێناسەی بوونی خۆی بكات و سەربەرزانە ژیان بەسەر بەرێت.

ئەگەر دوای ٧٥ ساڵ بەسەر دامەزراندنی پارتی دیموكراتی كوردستان، سەیری ستراتیژیەتی مسعود بارزانی وەك كاریزما و ڕێبەری ئەم قۆناخەی بزاڤی ڕزگاریخوازیی كوردستان بكەین، دەبینین، ئەولەوییەتی ستراتیژیەتی بزاڤی ڕزگاریخوازیی كوردستان و لەناو ئەم بزاڤەشدا پارتی دیموكراتی كوردستانی لەسەر چەند وشەیەك داڕشتووە و ڕایگەیاندووە: پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی كوردستان، ئەولەوییەتی هەموو سیاسەت و ستراتیژیەتێكی ئەم قۆناخەمانە.» ئەمەش مانای ئەوەیە ڕەوڕەوەی مێژووی ٧٥ ساڵی بەردەوامی خەباتی پارتی دیموكراتی كوردستان، هەر لە سەرەتاوە بۆ چ ئامانجێك دامەزراوە، ئەمڕۆش شانی داوەتە بەر هەمان ئەرك و بەرپرسیاریەتی و درێژەپێدەری ئەو ئامانجەیە كە لە پێناویدا دامەزراوە.

**لە فیکری مستەفا بارزانی-دا، تەنیا لە ناو مێژوو و ئیرادەی گەلی کوردستاندا ئەو توانایە دێتە بوون کە توانای ئەوەی هەبێت ئازادی بۆ گەلەکەی و سەربەخۆیی بۆ نیشتمانەکەی بە دەست بهێنێت**

**پارتی پێناسەی خۆی وەک ئامراز لە ناو مێژووی کوردستان و ئیرادەی گەلی کوردستاندا وێنە کردووە**

**هەموو خەڵکی کوردستان بە جیاوازی چینایەتی و جیاوازی ئیتنی و ئایینەوە وەک ماڵی خۆی لەناو پارتیدا خۆی بینیوەتەوە**



ئەوجا لەبەر ئەوەی پارتی وەك ئامراز هەموو كوردستانییەك خۆی بە خاوەنی زانیوە و بە مافی خۆی زانیوە ئەم ئامرازە بۆ پاراستنی بوونی خۆی بەكار بهێنێت، ئەوا لە هەموو قۆناخە جیاوازەكانی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كوردستان و لە سەردەمی حوكمڕانیی لۆكاڵی كوردستان لە ١٩٩٢-٢٠٠٣ و دواتریش وەك بەشداریی كوردستان لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا وەك دەوڵەتێكی فیدراڵی، هەموو كات پارتی، هێزی سەرەكی و متمانەپێكراوی گەلەكەی خۆی بووە و، هیچ هێزێكی سیاسی كوردستانی نەیتوانیوە متمانەی گەلی كوردستان بە پارتی لەق بكات، یان پیشڕەوایەتی لە پارتی وەربگرێتەوە، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەیە پارتی ئایدیۆلۆژیەتێكی بەهێزی ئەوتۆی هەیە كە توانیبێتی هەموو گەلی كوردستان تەسقیف بكات، بەپێچەوانەوە فیكر و ئایدیۆلۆژیەتی پارتی ئەوبیربۆچوونانەی تەواوی خەڵكی كوردستانە كە پێكەوە هەموو جیاوازەكان لە بازنەی ئازادی و سەربەخۆییدا یەك دەگرنەوە.

پارتی دیموكراتی كوردستان بە حوكمی ئەوەی بە بەردەوامی جێگەی متمانەی زۆرینەی خەڵكی كوردستان بووە، ئەركی زیاتری دەكەوێتە سەرشان و بۆ دابینكردنی هەموو خزمەتگوزارییە سەرەكییەكان و خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیان، خەڵكی كوردستانیش ڕووی داواكارییەكانیان زیاتر ڕوو لە پارتی دەكەن و پارتییش گرنگە لە ئاستی ئەو ئومێدە بێت كە خەڵكی كوردستان لە پارتی چاوەڕوانی دەكات.

لەم پێناوەدا و بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییە سەرەكی و پێویستەكان بۆ هاووڵاتیان دابین بكرێت و، خەڵكی كوردستان لە ژیانێكی خۆشگوزەراندا بژین، سەرۆك بارزانی ئەركی ڕاستكردنەوەی پرۆسەی حوكمڕانی خستووەتە سەر شانی پارتی و پارتی كردووەتە ئامرازێك بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی چاكسازی و نەهێشتنی گەندەڵی و بونیادنانەوەی كوردستانێكی بەهێز و، كوردستانیش كاتێك بەهێز دەبێت كە پارتی دیموكراتی كوردستان بە بەهێزی جێگەی متمانەی خەڵكی كوردستان بێت، بۆ ئەم مەبەستەش پارتی دیموكراتی كوردستان بووەتە قەڵایەك بۆ پشتیوانیی حكومەتی هەرێمی كوردستان و بۆ ئەوەی پرۆسەی چاكسازی لە هەموو دامودەزگاكانی حكومەت شێلگیرانە ئەنجام بدات و، ئەدا و هەنگاوەكانی لە ئاستی خواست و داواكاریی و چاوەڕێیەكانی خەڵكی كوردستان بێت.

ئەمڕۆ كە دوای ٧٥ساڵ یادی پارتی دیموكراتی كوردستان دەكەینەوە، ئەوەی دڵی شەهیدەكانمان ئاسوودە دەكات و دەبێتە شانازییەكی گەورە بۆ تەواوی ئەندام و كادرانی، ئەوەیە كە سەرۆك مسعود بارزانی درێژەپێدەری ئەو ئامانجەیە كە بارزانی مستەفا لە پێناویدا پارتی دیموكراتی كوردستانی دامەزراند.

**پارتی دیموكراتی كوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ لەناو كۆماری كوردستانەوە بۆ دامەزراندنی كۆمارێكی دیكەی كوردستان دامەزراوە، ئەمەش بەو مانایەی ئامانج لە دامەزراندنی پارتی وەک ئامرازێک ئەوەیە كە بەم ئامرازە كیان و قەوارەیەكی سیاسی بۆ گەلی كوردستان دروست بكرێت**

**بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییە سەرەكی و پێویستەكان بۆ هاووڵاتیان دابین بكرێت و، خەڵكی كوردستان لە ژیانێكی خۆشگوزەراندا بژین، سەرۆک بارزانی ئەركی ڕاستكردنەوەی پرۆسەی حوكمڕانی خستووەتە سەر شانی پارتی و پارتی كردووەتە ئامرازێک بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی چاكسازی و نەهێشتنی گەندەڵی و بونیادنانەوەی كوردستانێكی بەهێز**



# پارتی بۆ دروست بوو؟



**پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کاتێك باسی دروستبوونی پارتی دەکرێت، هەڵیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چلەکان و وەك سەرەتایەك و وەك پێناسەیەك بۆ بە حزببوونی، یان لە مێژووەکەی بدوێین. باسکردن لە دروستبوونی پارتی، باسکردنە لە بەرجەستەکردنی ڕەوتێك، بیروباوەڕێك، هزرێکی هەڵقوڵاوی واقیع و پێداویستیی کۆمەڵایەتی، ئایینی، سیاسی، کە دەبوو لە پارتێکدا بەرجەستە بکرێت، کە نوێنەرایەتیی ئەو خەباتە مێژووییە بکات، کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی پێ کردووە و، بگرە پێش سەرکردەی مەزن شێخ عەبدولسەلامی بارزانی-ی دووەمیش، درێژەپێدەری ئەو هزرە نەتەوەیی و ئایینی و تەریقەتە بووە، کە لە سەردەمی شێخ عوبەیدوڵای نەهری-یەوە دەستی پێ کردووە. کەواتە دامەزراندنی پارتی لە ساڵی ١٩٤٦ خاڵی سەرەتای دانانی حزبێك بوو، کە بەرجەستەی هزرێکی ئایینی، نەتەوەیی مێژوویی بوو، کە خواست و پێداویستیی کۆمەڵگەکە

بوو لە ئۆرگانێکی سیاسیدا لە سەردەستی ئەندازیار و کاریزمایەکی وەك ڕێزدار مەلا مستەفا بارزانی دامەزرا، نەك سەرەتای خەباتێك بێت، کە لەوێوە خاڵی لە دەستپێك و سفردا بێت. بارزانی-ی نەمر بۆچی ئەم پارتە سیاسییەی دامەزراند؟ هەر هزرێك ئەگەر ئۆرگانێك نەبێت، کە تێیدا بەرجەستە ببێت، یان کارەکتەرێکی سیاسی نەبێت، کە تێیدا بەرجەستە ببێت، ئەوا دەبێتە دروشم، ڕاستە مێژووی نەتەوایەتیی کورد هەر لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم، ئەو هزرەی لە کارەکتەری سیاسی و ئایینی و شێخی ئایینی و تەریقەت و سیاسیدا بەرجەستە ببوو، بەڵام بەرجەستەکردنی لە پارتێکی وەك پارتی دیموکراتی کوردستاندا وای کرد، ئەو هزرە لە تەکیە و تەنیا لە سەرکردەیەکدا قەتیس نەبێت و، تەنیا شێخی تەکیە بەرهەم نەهینێت، بەڵکو ئەو هزرە شێخ و سەرکردەی سیاسییش بەرهەم بهینێت. ئیدی لەوە دەرچوو کە پەیوەندیی نفووزی ئەم ڕەوتە لەسەر بنەمای جوگرافی و خوێن بێت، بەڵکو لەسەر بنەمای بیروباوەڕ بوو، واتە پارتی و ڕێبازی بارزانی، زادەی بیر و باوەڕێکە کە گرێدراوی هەردوو بیری ئایینی و نەتەوەییە، ئەم حزبە کە وەك هەڵقوڵاوی مێژووی سیاسیی نەتەوەیی و خۆماڵی و خواستی کۆمەڵگەیەك دروست بووە، سەرەڕای بوونی بە پارتێکی سیاسی، هاوکات مەدرەسەیەکی فیکریی کوردیی خۆماڵییە، وەك دەبینین ئەم ڕەوتە هەرگیز لە مێژووی خۆیدا پەنای بۆ هاوردەی هیچ ڕەوت و بیرێکی دەرەکی، یان مۆدێلێکی دەرەکیی سیاسی نەبردووە، چونکە خۆی خاوەنی سەرمایەی بیر و هزر و ڕەوت و مۆدێلی پیادەکراوی کوردیی خۆی بووە. واتە پارتی مەدرەسەیەکی فیکری، سیاسی، ئایینیی کوردییە، هەر شتێکیش مەدرەسە بوو، واتە توانای بەرهەمهێنانەوەی تاك و سەرکردە و مێژوو و نەهجی هەیە و، ئیدی چارەسەری ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان، یەکخستنی هۆزەکان و، ڕابەرایەتیکردنی تەریقەت ئاسان دەبێت، کاتێك ئەم هزرە کە ئاوێتەیەکی ئەم بیروباوەڕانە و لە حزبێکدا بەرجەستە بوو، ئیدی دەبێتە داینەمۆ بۆ بەردەوامیی درێژەپێدانی ئەو ڕەوتە و بەرهەمهێنانەوەی سەرکردە و مێژوو و تاك، چونکە کاتێك لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا ئەو هێڵە سیاسییەی لەسەر ئەو هزرە کێشا و ئاراستەی کۆمەڵگەی کرد، وەڵامدەرەوەیەکی گەورەی خواست و پێداویستییەکانی سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، تائیفی و کۆمەڵگەی کوردی بوو، کە مرۆڤی تێدا کردە جەمسەر، ئامانج لە سەر بنەمای ڕێزی کوردبوون و کوردستانیبوون و پیرۆزیی نەتەوە بنیات نرا، بۆیە وەك دەبینین پارتی لەو کاتەوە تا ئێستا وەك کارگەیەکی بەرهەمهێنانی ئەم بیرە و ئەم ڕەوتە و ئەم سەرکردانە بەرهەم دەهێنێتەوە، کە سیما و شوناسی ئەم ڕەوتەیە. نەك هەر لە سەردەمی دامەزراندنی پارتییەوە وەك حزب، بەڵکو لە مێژووی سەردەمی خوالێخۆشبوو شێخ عەبدولسەلامی یەکەم تا ئێستا، پارتی تاکە حزب و ڕەوتێکە کە سەرکردە دوای سەرکردە دەهێنێتەوە مەیدانی خەبات و، بەرجەستەی نەهج و بیروباوەڕ و هزر و ڕەوتەکەی دەکات لە سەرکردەی کاریزما، بە دروستکردن نەك بە مانەوەی دەسەڵات بەهۆی پشتاوپشتی، یان خوێن. ئەگەر لە مێژووی ئەم ڕەتە بڕوانیت، دەبینیت وەك مەدرەسەیەك لە باپیرە گەورەکانەوە تا نەوەکانی ئێستا، هەر یەکەیان بەرجەستەی ئەو هزرە سیاسییەیە کە ئاوێتەی بیرە نەتەوەیی و ئایینییەکەی کورد بووە و، تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، جگە لە بەرجەستەکردنی ئەم هزرە و نەهجی کارکردنی کە تاکە پارتێکی جێگیرە و بەردەوامیی هەیە، هاوکات لەسەر یەك ئاراستە وەك بنەمایەك کار دەکات، بەڵام گۆڕاو و زیندوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەر بارودۆخێکدا، هیچ بارودۆخێکیش نەبووە کە ئەم پارتە، میکانیزمی مامەڵەکردن و چارەسەری ئامادەی بۆی نەبوویێت.

بۆیە بە تێگەیشتن ئەم ڕەوتە تاکە کلیلی چارەسەری دۆزی کورد و گەیشتن بە دەوڵەت بوو، هەر بۆیە لە دەرەوەی ئەم ڕەوتە هەرچی دروست بووە، زۆربەیان جگە لە بارگرانی و ئاڵۆزیی زیاتر بۆ ژینگەی سیاسیی کۆمەڵایەتی و ئایینی کۆمەڵگەی کوردی، شتێکی بەرچاویان دروست نەکردووە و، هیچیان لەمە زیاتر ئیزافە نەکردووە.

به بڕوای من ڕاستە پارتی هزرێکی نەتەوەیی ئایینی کوردایەتی بووە کە لە حزبێکدا بەرجەستە کراوە، بەڵام غەدرە تەنیا وەك پارتێك باسی پارتی بکرێت، لەبەر ئەوەی مەدرەسەیەکی فیکری بووە کە لەسەر بیری نەتەوایەتی و ئایینی و تەریقەت لە مێژووی دێرینی ئەم گەلە کاری کردووە، ئەمەش هەر بەردەوام دەبێت و ئەوەی دەمێنێتەوە زیادکردنی بەشدارییپێکردنی سیاسی و پرۆسەی داڕشتنی بڕیار و بڕیاردانە بە جەماوەر و پسپۆڕان و چین و توێژە تایبەت و پسپۆڕییەکان، تا لەو قەتیسمان و دوورکەوتنەوە لە واقیعەی کە حزبەکانی دیکە تێی کەوتوون، پارێزراو بێت، بەمەش مێژووی چۆن دیارە، ئایندەشی هەروا دیار و ڕوونتر دەبێت، لەولاشەوە پێویستە ئەم مەدرەسە و بیر و مێژوو و سەرکردە کاریزمایانە لە ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی نوێ و سۆشیاڵ میدیادا بەرجەستە ببن، تا هاوکاری ئەو درێژەپێدەری و بەرهەمهینانە بێت».

**پارتی مەدرەسەیەکی فیکری، سیاسی، ئایینیی کوردییە، هەر شتێکیش مەدرەسە بوو، واتە توانای بەرهەمهێنانەوەی تاك و سەرکردە و مێژوو و نەهجی هەیە**

**پارتی تاکە حزب و ڕەوتێکە کە سەرکردە دوای سەرکردە دەهێنێتەوە مەیدانی خەبات و، بەرجەستەی نەهج و بیروباوەڕ و هزر و ڕەوتەکەی دەکات**

**غەدرە تەنیا وەک پارتێک باسی پارتی بکرێت، لەبەر ئەوەی مەدرەسەیەکی فیکری بووە کە لەسەر بیری نەتەوایەتی و ئایینی و تەریقەت لە مێژووی دێرینی ئەم گەلە کاری کردووە**



**بەشار کیکی**

جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# پارتی پشتئەستورە بە جەماوەری خۆی بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا دەرئەنجامێکی بەرچاو بەدەست بهێنێت

# پارتی دیموکراتی کوردستان، تاکە هێزە بەبێ ئەوەی هیچ هاوپەیمانییەکی لەگەڵ هیچ لایەن و هێزێکی کوردستانی، یان عێراقی بکات، بەشداریی هەڵبژاردنی کردووە

## گرنگە ئەم قۆناغە سەختەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بە هەڵبژاردن تێپەڕێنین

**پرسی بەشداریکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا پرسێکی بنەڕەتی بووە و دوایین هەڵبژاردنیش ئەوەی خستەڕوو کە پارتی قورسایی جەماوەری خۆی هەیە و، دەتوانێت دەرئەنجامێکی بەرچاو بەدەست بهێنێت، هەر بۆیە خۆئامادەکردنی پارتی بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە و بەشداریکردنی بە متمانە و باوەڕبەخۆبوونەوە بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ بەشار کیکی جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.**

*** پێش ئەوەی بێینە سەر بابەتی سەرەکیمان کە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقە، پرسیار ئەوەیە بارودۆخی سیاسیی ئێستای عێراق چۆن دەخوێننەوە؟ ئایا ئەم بارودۆخە تاچەند لەبارە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد؟**

- من پێموایە ئەنجامدانی هەڵبژاردن خۆی لەخۆیدا تەحەددییەکی گەورەیە، بێگومان زەحمەتە لە عێراقدا هەموو فاکتەرەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و شەفاف دەستەبەر بکرێن، بەڵام گرنگیشە ئەم قۆناغە سەختەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بە هەڵبژاردن تێپەڕێنین. کە بێگومان کۆدەنگی هەیە، لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە و پێشوازیی لێ کراوە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی جیهان و مەرجەعییەتی شیعە و زۆربەی زۆری کوتلە سیاسییەکان. ئێمە پێمانوایە ئەو بارودۆخەی ئێستا لە عێراق هەیە، بەندە بەوەی ئەنجامی هەڵبژاردن چۆن دەبێت، بێگومان ئەنجامدانی هەڵبژاردنیش ئەو هێز و لایەنانەش ئیحراج دەکات کە دەیانەوێت بەبێ هەڵبژاردن خۆیان بەسەر خەڵکدا بسەپێنن، هەر بۆیە دووپاتی دەکەمەوە کە هەڵبژاردن چارەسەرییەکی باشە بۆ دۆخی ئێستای سیاسیی عێراق، هەرچەندە چارەسەرێکی بنبڕ و کۆتاییش نییە، چونکە هەندێك کێشە لە ڕووی ئەمنی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەر دەمێنێت، بەڵام ئێمە ئومێدمان ئەوەیە کە هەڵبژاردن بەشێکی زۆر لەو کێشانە -بەتایبەتی لەڕووی سیاسییەوە- چارەسەر بکات. بۆ نموونە پێمانوایە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن هێزە سیاسییەکان ناچار دەکات کە حکومەتێك لەسەر بنەمای زۆرینەی سیاسی پێك بێنن، نەك هەر هەمووی بەشدار بن لە حکومەت، بەڵکو زۆرینەی سیاسی ئەو هێزانەی براوەن بەشدار

**زەحمەتە لە عێراقدا هەموو فاکتەرەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و شەفاف دەستەبەر بکرێن**

بن لە پێکهێنانی حکومەتدا بۆ ئەوەی ئەوان بەرپرسیارێتییەکە هەڵبگرن.

*** هەڵمەتی هەلبژاردنەکانی عێراق دەستی پێ کردووە، لە هەمانکاتدا کۆمەڵێك هێزی سیاسییش لە پرۆسەکە کشاونەتەوە، ئایا چۆن سەیری ئەو دۆخە و پرۆسەی هەڵبژاردنەکە دەکەن؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە کۆمیسیۆن ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکە، هەرچەندە هەندێ کەموکوڕی لێرە و لەوێ هەر دەمێنن، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمیسیۆن دەزگایەکی بەرپرسە، ئەوا کاتێك ئامادەیی خۆی نیشان دەدات، بۆ ئیدارەدانی هەڵبژاردنەکە، ئەوا مانای وایە هەڵبژاردنێکی گرنگ ئەنجام دەدرێت. دواتر ئەو لایەن و حزبانەی کشانەوەی خۆیان لە هەڵبژاردنەکە ڕاگەیاندووە -جگە لە ڕەوتی سەدر- قورسایی هەڵبژاردنیان کەمە و نفووزیان لە ناو حکومەت و پەرلەمان زۆر کەمە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئێمە ڕێزیان لێدەگرین، چونکە ئەوە هەڵویستی خۆیانە و ئەگەر بە تاکتیکیش بەکاری بێنن، هەر مافی خۆیانە و بۆی هەیە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا هەوڵبدرێت موقتەدا سەدر ڕازی بکرێت و بگەڕێتەوە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەکە. هەروەها ئەو هێزانەی ڕایانگەیاندووە لە هەڵبژاردنەکەدا بەشدار نابن، ئەوە کاریگەری لەسەر پرۆسەکە نابێت و هەڵبژاردنەکە ڕاناوەستێت، چونکە پەیوەست نییە بەوە و ناپرسێت کێ بەشداری دەکات و، کێ بەشداری لە هەڵبژاردنەکە ناکات، لەبەر ئەوەی ئەو هەڵبژاردنە ئیستحقاقێکە و داواکاریی زۆرینەی خەڵکیش بووە، بەتایبەتی دوای خۆپیشاندانەکان چەندین کەس شەهید و بریندار بوون و ئەنجامدانی هەڵبژاردن باشترە لەوەی نەکرێت، ئەگەر هەڵبژاردن لە ١٠/١٠ ئەنجام نەدرێت، ئەوا لە ساڵی داهاتوو هەر ئەنجام دەدرێت، بەڵام هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، باشە، چونکە عێراق دەچێتە قۆناغێکی دیکە و گۆڕانکاری ڕوودەدات، ئەگەرچی گۆڕانکاریی گەورەش نابێت، بەڵام لە٢٥ ٪ و زیاتریش گۆڕانکاری ڕوودەدات، کە هەندێ کەسی سەربەخۆ دێنە ناو پەرلەمان و پرۆسەی سیاسی بەرەو ئاقارێکی نوێ دەڕوات. واتە هەڵبژاردن ڕێگایەکی باشە بۆ ئەوەی چارەسەری دۆخی چەقبەستووی سیاسیی عێراق بکات.

*** پارتی دیموکراتی کوردستان وەك لایەنێکی سیاسی گرنگی کوردستانی و عێراقی دەستی کردووە بە بانگەشەی هەڵبژاردن، ئایا پارتی لە چەند پارێزگای عێراق کاندیدی هەیە بۆ ئەم هەلبژاردنە و، تاچەند ئومێدی ئەوە هەیە هەر بە هێزی یەکەم لە هەڵبژاردنەکان بمێنێتەوە؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو ئامادەکارییەکانی بۆ هەڵبژاردن تەواو کردووە و، لیستی پاڵێوراوانی پارتی لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ بە گشتی ئامادەیە و تەنانەت لە پارێزگای کەربەلاش کاندیدی هەیە. پارتی دیموکراتی کوردستان بە تێڕوانینێکی ئیجابی لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەڕوانێت و، لە ڕاستیدا پارتی جەماوەری خۆی و ئاست و قەوارەی خۆی بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ دەپارێزیت و، چاوەڕوان دەکرێت دوو کورسییش زیاد بکات. بێگومان پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی کوردستان وەك هێزی یەکەم دەردەچێت، کە سیستەمی هەڵبژاردنیش ئەو ڕێگایە دەدات کە حزبێکی گەورە و ڕەسەنی وەك پارتی دیموکراتی کوردستان بتوانێت نوێنەرەکانی خۆیان دەرچێنیت و لە هەڵبژاردن سەربکەون. بە دڵنیاییەوە پارتی بەشدارێکی ڕاستەقینەی پرۆسەی سیاسیی عێراقە و هەمیشە بەشدارێکی ڕاستەقینەی هەڵبژاردنەکانیشە، هەروەها وەك هەموو لایەك دەزانن، پارتی دیموکراتی کوردستان، تاکە هێزە بەبێ ئەوەی هیچ هاوپەیمانییەکی لەگەڵ هیچ لایەن و هێزێکی کوردستانی، یان عێراقی بکات، بەشداریی هەڵبژاردنی کردووە. چونکە پێیوایە هەڵبژاردن ئێستحقاقێکە و بۆ ئەوەی کە هەم خەڵك هەم و خودی حزبیش بزانیت، لە چ قۆناغێکدایە و قەبارەی چەندە لەناو جەماوەردا. لەلایەکی دیکەوە پارتی دیموکراتی کوردستان کاندیدی لە نێو عەرەب و کریستیان و هەموو پێکهاتەکاندا هەیە.

*** لەگەڵ ئەوەی لە یەك دوو ساڵی ڕابردوو هەوڵێکی زۆر درا، بۆ ئەوەی بارودۆخی ناوچە کێشە لە سەرەکان ئاسایی بکرێتەوە، بەڵام هەتا**

**ئەو هێزانەی ڕایانگەیاندووە لە هەڵبژاردنەکەدا بەشدار نابن، ئەوە کاریگەری لەسەر پرۆسەکە نابێت و هەڵبژاردنەکە ڕاناوەستێت**

**لیستی پاڵێوراوانی پارتی لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ بە گشتی ئامادەیە و تەنانەت لە پارێزگای کەربەلاش کاندیدی هەیە**

**پارتی جەماوەری خۆی و ئاست و قەوارەی خۆی بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ دەپارێزیت و، چاوەڕوان دەکرێت دوو کورسییش زیاد بکات**

**ئێستا وەك خۆیەتی، ئایا تا چەند بوار دراوە لە ناوچە کێشە لە سەرەکان، پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئازادی بانگەشەی هەڵبژاردن بەڕێوە بەرێت؟**

- بەداخەوە، ئێستاش پارتی دیموکراتی کوردستان لەو ناوچانە ناتوانێت بانگەشەی هەڵبژاردن بکات، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان سەرقافڵەی داواکاریی سەرسەختی ماف و ئیستحقاقاتی کوردستانی بووە. ئاشکرایە لە بەر بارودۆخی دوای ١٦ ئۆکتۆبەر و لەبەر خراپیی دۆخی ئەمنی، پارتی و کاندیدەکانی ناتوانن بە ئازادییەکی تەواو بانگەشە بکەن، تا ئێستا پارتی بۆ بارەگاکانی لە کەرکووك نەگەڕاوەتەوە، تاوەکو بتوانێت ئیش و کاری خۆی ئەنجام بدات، ئەو هەموو کەلێن و گرفتانەی لە ڕووی ئەمنییەوە بوونیان هەیە، کێشەیان دروست کردووە بۆ پرۆسەی بانگەشەکردن و کۆسپیان بۆ کاندید و کادیرانی پارتی دروست کردووە، بەڵام پارتی ئەوەی نەکردووەتە بیانوو بۆ ئەوەی لەو ناوچانە بەشدار نەبێت لە هەڵبژاردندا، بەڵکو بەپێچەوانەوە سەرەڕای ئەو هەموو کۆسپ و ڕێگرییە لەبەردەمی پارتی، ئەوا پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردندا ڕۆڵ و بەشدارییەکی کاریگەری دەبێت و، لە هەموو ناوچە و شوێنە کێشە لەسەرەکان ئەو ناوچانەی ماددەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە کاندیدی خۆی هەیە و، ئەو هەڵسەنگاندنەی کراوە، پارتی دیموکراتی کوردستان، نەك سەنگی خۆی و قەبارەی خۆی دەپارێزێت، بەڵکو ژمارەی کورسی و قەبارەی خۆی لەو هەڵبژاردنەدا زیاد دەکات.

*** کەرکووك کە سەرچاوەی کێشەکانە، پارتی لە هەڵبژاردنی ڕابردوو بایکۆتی کرد و هیچ کاندیدکی نەبوو، ئەمجارە پارتی کاندیدی هەیە و بەشدار دەبێت. ئایا ئەو ڕێوشوێنانە چین کە پارتی بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارە لە کەرکووك دەیگرێتە بەر؟ ئایا ئەو زەمینەیە هاتووەتە پێشەوە کە پارتی بتوانێت بە ئازادی لە کەرکووك بانگەشەی هەڵبژاردن بکات؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان لە قووڵایی جەماوەری کوردستانی و لە سەنتەری شار و پارێزگای کەرکووك جەماوەری خۆی هەیە و پارتی لە کەرکووك کاندیدی خۆی بۆ هەڵبژاردن هەیە و پشتئەستورە بە جەماوەری خۆی کە کاندیدەکانی لە کەرکووك دەنگ دەهێنن و دەردەچن، سەرەڕای ئەوەی بارودۆخێکی زۆر خراپ و نالەباری ئەمنی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە، لەلایەکی دیکەوە پارتی دیموکراتی کوردستان بارەگای لە کەرکووك نییە و کادیران و جەماوەری لەژێر فشار و هەڕەشەن و ناتوانن بە ئازادی نەك بانگەشەی هەڵبژاردن بکەن، بەڵکو ترسیان لەسەرە لە ڕۆژی دەنگدان و چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان، بەڵام گرنگ ئەوەیە پارتی لە هەڵبژاردن لەو ناوچانە و کەرکووك بەشدارێکی کاریگەر دەبێت و، حزبێکە پشتئەستوورە بە جەماوەرەکەی خۆی و هەر پارتی دیموکراتی کوردستان بووە کە بەرگریکارێکی ڕاستەقینە و کاریگەر بووە لەسەر مەسەلەی کەرکووك و کوردستانیەتی کەرکووك. هەر بۆیە من وای دەبینم خودی جەماوەر پاداشتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن لە کەرکووك، چونکە هەر پارتی بووە قبووڵی ئەو بارودۆخەی نەکردووە کە بە سەر کەرکووکدا هاتووە، تا ئێستاش کە پارتی بۆ کەرکووك نەگەڕاوەتەوە، هەر لەبەر ئەوە بووە کە دەیەوێت وەك حزبێکی کوردستانی بە هەیبەت و بەهێز و بە کەرامەتەوە بچێتەوە کەرکووك و هەر وەك کاری هەمیشەیی داکۆکیکار و بەرگریکار بێت لەسەر ماف و کوردستانیەتی خاك و خەڵکی کەرکووك.

*** ئایا پارتی لە ناوچەکانی دەشتی نەینەوا و پارێزگای نەینەوا دەنگی چۆن دەبێت و دەتوانێت هەمان کورسی پێشتر بێنێت؟**

- پارتی بۆ هەموو ناوچە و شوێن و ئەو پارێزگایانە کاندیدی هەیە و بۆ هەموو بازنەکانی هەڵبژاردن کاری ورد و ڕێکوپێکی کردووە، ئێمە هەست دەکەین لەسەر ئاستی نەینەوا کورسییەك تا دوو کورسی زیاد بکەین، چونکە کاندیدی باشمان هەیە لە بازنەکانی شنگاڵ و تلکێف و مەخموور و حەمدانییە و لە بازنەی تەلەعفەریش پارتی کاندیدی هەیە و کاری پێویستی بۆ ئەنجام دراوە، هەر بۆیە وەك ئاماژەم پێ دا، هەنگاو و کارەکانی پارتی بەو شێوەیە کە لەم هەڵبژاردنە ژمارەی کورسییەکانی لە ناوچە دابڕاو و کێشە لەسەرەکان زیاد بکات.

**پارتی لە کەرکووک کاندیدی خۆی بۆ هەڵبژاردن هەیە و پشتئەستورە بە جەماوەری خۆی کە کاندیدەکانی لە کەرکووک دەنگ دەهێنن**

**کە پارتی بۆ کەرکووک نەگەڕاوەتەوە، هەر لەبەر ئەوە بووە کە دەیەوێت وەک حزبێکی کوردستانی بە هەیبەت و بەهێز و بە کەرامەتەوە بچێتەوە کەرکووک**

# هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمانی عێراق چ شتێک دەگۆڕێت؟







**نەدا مێرگەسۆری**

پەرلەمانتاری پێشووی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

**یەکێک لە کێشەکانی بەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە نەبوونی نیسابی تەواوی ئەندامانی دادگای باڵای فیدراڵی بوو، کە بەپێی دەستوور دەسەڵاتی پەسەندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی هەیە**

**هەموو هەوڵێک درا بۆ ئەوەی دەرچەیەک بۆ چارەسەری کێشەی دادگای باڵای فیدراڵی بدۆزرێتەوە، ئەگەر کە لەسەر حیسابی پێشێلکردنی دەستووریش بێت و، بەداخەوە هەمان کاریش ئەنجام درا**

**لەبەر ئەوەی یاسای ژمارە (٣٠)ی (٢٠٠٥) پێش دەستووری عێراق دەرچووبوو، دوای دەرچوونی دەستووری ساڵی(٢٠٠٥)یش ئەم یاسایە و ئەوانی دیکەشی کە دەرچوون، ملکەچ ببوون بۆ دەستوور، بۆیە نەدەبوایە پەرلەمان سەرپێچیی دەستوور و ما]دەی (٩٢)ی کردبایە**

عێراق بۆ یەکەم جارە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) وە بەرەو هەڵبژاردنێکی پێشوەختە هەنگاو دەنێت، ئەم هەڵبژاردنەش وەك ئیستجابەیەك بوو بۆ دەنگ و داواکاریی خۆپێشاندەرانی تشرینی (٢٠١٩) کە چەندین گەنجی خێرلەخۆنەدیوی باشوور و ناوەڕاستی عێراقی تێدا بوونە قوربانی و، تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، هیچ شتێك نەگۆڕا، تەنیا سەرۆك وەزیران و کابینەی حکومەت گۆڕا، کە ئەوانیش نەیانتوانیوە نە ئەو چاکسازییە ڕیشەییە بکەن کە تێنوویەتی خۆپێشاندەرانی پێ بشکێت و نەشیانتوانیوە چەك و میلیشیا زۆر و بۆرەکانی عێراق بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و هەروەها نەیانتوانیوە باری گوزەرانی خەڵکی لە ڕووی ئابوورییەوە باشتر بکەن و، نەشیانتوانی سادەترین خزمەتگوزاری بگەیەننە خەڵکی خۆیان و تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، نەیانتوانیوە ئاسەواری شەڕی داعشیش کەم بکەنەوە و ئاوارەکان بگەڕێننەوە شوێنی خۆیان، جگە لەوەی کە نەیانتوانیوە ئەمنیەتی تەواو بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان و ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دابین بکەن.

پرسیارە جەوهەرییەکان لێرەدا ئەوەن: ئایا بە ڕاستی هەڵبژاردنی پێشوەختە چ شتێك، یان گۆڕانکارییەك لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق ئەنجام دەدات، کە هەڵبژاردنەکانی دیکە نەیانتوانیوە دابینی بکەن؟ ئایا ئەم هەڵبژاردنە ئەنجام دەدرێت، تەنیا بۆ ئەوەیە خواستی خۆپێشاندەران بێتە جێ، یان بە ڕاستی ئەم هەڵبژاردنە موعجیزەی نەپەنی (شاراوە)ی هەیە کە کەسمان نایبینین؟ ئایا ئەم هەڵبژاردنە بۆ ڕاستکردنەوەی نیزامە سیاسییە شێواوەکەی عێراقە کە بە هەموو شێوەیەك کەوتوونەتە پێشێلکردنی دەستووری باڵای وڵات و یاساکان، بۆ ئەوەی بارودۆخی سیاسیی عێراق چاك بکەونەوە، بەڵام هەر چاك ناکرێتەوە..

ئاشکرایە کە هەر دوای ئەوەی پەرلەمانی عێراق لە ڕێکەوتی (١٨ی ئاداری٢٠٢١) دەنگی لەسەر هەمواری یاسای دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (٣٠) ساڵی (٢٠٠٥) دا، داواکارییەکانی هەندێك لایەنی سیاسی و بەشێك لە فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و بەتایبەت فراکسیۆنی سائیرونی (موقتەدا سەدر) بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بەرز بوویەوە و، فشاریان دروست کرد، بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی دیارکردنی ڕۆژێك بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە خێراتر بکرێت، چونکە یەکێك لە کێشەکانی بەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە نەبوونی نیسابی تەواوی ئەندامانی دادگای باڵای فیدراڵی بوو، کە بەپێی دەستوور دەسەڵاتی پەسەندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی هەیە، بۆیە هەموو هەوڵێك درا بۆ ئەوەی دەرچەیەك بۆ چارەسەری کێشەی دادگای باڵای فیدراڵی بدۆزرێتەوە، ئەگەر کە لەسەر حیسابی پێشێلکردنی دەستووریش بێت و، بەداخەوە هەمان کاریش ئەنجام درا.

نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە هەموارکردنەوەی یاسای دادگای باڵای فیدراڵی خۆی لە خۆیدا سەرپێچییەکی دیاری دەستووری بوو، کە بە داخەوە ئەم خولەی پەرلەمانی عێراق پێی هەڵسا و هەموو لایەنە سیاسییەکانی خاوەن نفووزی نێو گۆڕەپانی سیاسیی عێراقیش لێی بێدەنگ بوون، تەنیا بە بیانووی ئەوەی کە بارودۆخی عێراق وا دەخوازێت، کە بۆشایی یاسایی دادگای باڵای فیدراڵی پڕ بکرێتەوە، بەڵام کارەسات لەوەدایە کە لەبەر ڕاستکردنەوەی بارودۆخی سیاسی بێیت و دەستووری باڵای وڵات پێشێل بکەیت و بە شێوەیەکی ئینتیقایی جێبەجێ بکرێت.

گومانی تێدا نییە کە ئەم پێشێلکردنەی ماددەکانی دەستوور هەر لە ساڵی (٢٠١٤) وە بە شێوەیەکی زەق دەستی پێ کردووە و لە ساڵی (٢٠١٨)شەوە تا ئێستا بەردەوامە و هەر لەسەروبەندی پێکهێنانی کابینەکانی حکومەتیش بەتایبەت لە (٢٠١٨)وە ئەم پێشێلکردنەی دەستوور بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری بووەتە کارێکی ئاسایی کە لە لایەن پەرلەمانەوە جێبەجێ کراوە و، سەرۆك کۆماریش بەشێك بووە لەو پێشێلکارییە لە کاتێکدا دەبێت پارێزەری دەستوور بێت. بەو واتایەی کە بە داخەوە پەرلەمانی عێراق و سەرۆك کۆماری عێراق یەکێك بوون لە جێبەجێکەرانی ئەو سەرپێچییە دەستووریانەی کە بۆ ئەم بابەتەوە ئەنجام دراون، لە کاتێکدا پەرلەمان دەبوایە لایەنی ڕاستکردنەوەی هەڵە دەستوورییەکان بوایە کە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە ئەنجام دراون.

پێویستە ئاماژە بەوە بدەم کە یاسای دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە(٣٠) ساڵی (٢٠٠٥) بە ئەمری ئەنجومەنی وەزیرانی ژمارە (٣٠) ساڵی (٢٠٠٥) وبە پشتبەستن بە مادەی (٤٤) ی یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناخی ڕاگوزەری عێراق لە ڕێکەوتی (١٧ی ٣ی ٢٠٠٥) دەرچوو، کە ئەوکات هێشتا دەستووری عێراق بەرکار نەببوو، پەرلەمانی عێراقیش هێشتا هەڵنەبژێردرابوو.

کەواتە بۆ چارەسەری نیسابی دادگای باڵای فیدراڵی پێویستی بەوە بوو کە پرۆژە یاسایەکی نوێ پێشکەش بکرێت، بۆ ئەوەی هەیکەل و چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەندامەکان و دەسەڵاتەکان و کارکردنی دادگا دیار بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە لایەنە سیاسییەکانی عێراق نەگەیشتنە ڕێککەوتن، بەتایبەت لە مادەکانی (١٢،٣،٢) کە خیلافیان هەبوو لە سەری (کە تایبەت بوون بە ئەندامانی دادگاکە و سرووشتی چۆنیەتی کاندیدکردن و پەسەندکردنی ناوی کاندیدەکانی ئەندام بۆ دادگا و چۆنیەتی دەنگدانی ئەندامانی دادگا لە سەر بڕیارەکانی دادگا)، ئەوا پرۆژە یاسای دادگای باڵای فیدراڵی عێراق ڕەت کرایەوە و بڕیار درا، هەمواری یاسای کۆن بکەن، بەڵام وەك پێشتر گوتم، خودی هەموارکردنەوەی یاساکە جەدەلی دەستووری زۆری لەسەرە کە وا دەخوازرا، یاسایەکی نوێ بۆ هەیکەلییەی دادگاکە دابنرێت، ئەمە جگە لەوەی کە تێپەڕاندنی هەمواری یاسا کۆنەکە کە بە زورینەی سادە لە لایەن پەرلەمانەوە ئەنجام درا، خۆی سەرپێچییەکی زەقی دەستووری بوو کە پەرلەمانی عێراق ئەنجامی دا، بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو لایەنە سیاسیەکانی عێراق لێی بێدەنگ بوون، ئەم سەرپێچییە زەقە بێدەنگ کرا و بووە پێشینەیەکی مەترسیدار، چونکە لەمەودوا پەرلەمان ڕێگە بە خۆی دەدات کە هەر کاتێك ویستی بە زۆرینەی سادە هەمواری ئەو یاسایە و چەندین یاسای سرووشت دەستووری بکاتەوە، کە ئەمەش مەترسی بۆ سەر ئەو یاسایانە دروست دەکات، کە کاریگەرییان هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان، ئەمەش پێچەوانەی مادەی (٩٢ برگەی دووەم)ی دەستوورە کە ئاماژە بەوە دەدات کە: «دادگای باڵای فیدراڵی پێك دێت لە دادوەر و شارەزایی فیقهی ئیسلامی و فوقەهای یاسایی کە ژمارەیان و ڕێکاری هەڵبژاردنیان و کارکردنی دادگا بە یاسایەك ڕێکدەخرێت کە بە دەنگی زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمانەوە دەردەچوێنرێت».

بەڵام وەك بینیمان هەموارەکە بە زۆرینەی سادە تێپەڕێندرا، لە کاتێکدا ئەم یاسایە سرووشتێکی دەستووری هەیە کە نەدەبوایە پێچەوانەی دەستوور یاساکە تێپەڕێندرایە، بۆیە گومانی تێدا نییە کە لەمەودوا ئەمە دەبێتە پێشینەیەکی مەترسیدار بۆ زۆر یاسای دیکەی هەستیار، ئەمە جگە لەوەی کە هەموارەکە ڕۆڵی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستانی پشتگوێ خست، لە کاتێکدا لە یاسا کۆنەکە ڕۆڵی دستنیشانکردنی ئەندامی دادگا سپێردرابوو بەو ئەنجومەنە و هەمواری یاساکە تەنیا برگەی (نوێنەرایەتیی هەرێمەکانی لە پێکهێنانی دادگا) زیاد کرد.

بۆیە لەبەر ئەوەی یاسای ژمارە (٣٠)ی (٢٠٠٥) پێش دەستووری عێراق دەرچووبوو، دوای دەرچوونی دەستووری ساڵی(٢٠٠٥)یش ئەم یاسایە و ئەوانی دیکەشی کە دەرچوون، ملکەچ ببوون بۆ دەستوور، بۆیە نەدەبوایە پەرلەمان سەرپێچیی دەستوور و مادەی (٩٢)ی کردبایە.

شاراوە نییە کە دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ساڵی (٢٠١٨) و لە سەروبەندی پێکهێنانی کابینەی نوێ و لەکاتی ڕاسپاردنی (عادل عەبدولمەهدی) وەك سەرۆك وەزیرانی ڕاسپێردراو و هەروەها لە کاتی ڕاسپاردنی (مستەفا کازمی)یش دوای دەست لەکارکێشانەوەی (عادل عەبدولمەهدی) لە پۆستی سەرۆك وەزیران، هەمان سەرپێچیی دەستووری دووبارە کرایەوە، کە خۆی لە بابەتی کوتلەی زۆرینە (گەورە) دەبینییەوە، لە کاتێکدا کە کێشەی کوتلەی زۆرینە بە بڕیاری ژمارە (٢٥/اتحادیە/٢٠١٠) لە ڕێکەوتی (٢٥ ئاداری ٢٠١٠) لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵی یەکلا کرابوویەوە، کە لە بەرژەوەندیی (نوری مالیکی) تەواو بوو، کە (مالیکی) بووە سەرۆك وەزیران، لە کاتێکدا لیستی (ئەیاد عەلاوی)یش دەنگی زۆرینەی بردبوو. هەر بۆ ئەم مەبەستە بڕیاری

**ئایا هەڵبژاردنی پێشوەختە دەتوانێت ئەم بابەتانە چارەسەر بکات و گەرەنتی ئەوەمان پێ دەدات کە جارێکی دیکە بۆ پێکهێنانی کابینە بابەتی کوتلەی گەورە نەخزێنرێتەوە نێو چاوپۆشیکردن لە دەستوور؟**

**بیرۆکەی هەڵبژاردنی پێشوەختە دوابەدوای خۆپیشاندانەکانی (ئۆکتۆبەری ٢٠١٩) سەری هەڵدا وەک هەنگاوێک بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان و ڕێگەیەکیش بۆ دەستکردن بە چاکسازی**

**هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان پێچەوانەی ماددەی (٦٤ برگەی دووەم)ی دەستووری عێراقە کە ئاماژە بەوە دەدات کە «لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، سەرۆک کۆمار هەڵدەستێت بە بانگهێشتکردن بۆ هەڵبژاردنی گشتی لە ماوەی (٦٠) ڕۆژ، لە ڕۆژی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانیش لەم حاڵەتەدا بەدەست لەکارکێشاوە ئەژمار دەکرێت»**

(٤٥/ت.ق/٢٠١٤) ی دادگای باڵای فیدراڵیش هەیە كە كاتی خۆی (حەیدەر عەبادی)یشی پێ بوو بە سەرۆك وەزیران.

وەك بینیمان جارێكی دیكە لە سالی (٢٠١٨) كێشەی كوتلەی زۆرینە سەری هەڵدایەوە، كاتێك سەرۆكی كۆمار (بەرهەم سالح) داوای لە دادگای باڵای فیدراڵی كردەوە كە بڕگەی (كوتلەی گەورە)ی هاتوو لە مادەی (٧٦ بڕگەی یەكەم )ی دەستوور تەفسیر بكات. لەو مادەیە هاتووە كە «سەرۆك كۆمار بەربژێری كوتڵەی پەرلەمانی خاوەن ژمارەی زۆرینە ڕادەسپێرێت بۆ پێكهێنانی كابینەی حكومەت لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕێكەوتی هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار».

دوای ئەم داواكارییەی سەرۆك كۆمار دادگای باڵای فیدراڵی لە دانیشتنی (٢٢ی ١٢ ی ٢٠١٩)ی خۆیدا جارێكی دیكە پشتی بەستەوە بە بڕیاری (٢٥/اتحادیە/٢٠١٠)ی خۆی كە لە ڕێكەوتی (٢٥-٣-٢٠١٠) دایبوو و تەفسیری (كوتڵەی گەورە)ی كردەوە بەوەی كە (كوتلەی گەورە)، یان ئەو كوتلەیەیە كە دوای هەڵبژاردن لە یەك لیستی هەڵبژاردن پێكدێت و توانیویەتی لە هەڵبژاردن (زۆرینە) بەدەست بێنێت، یان ئەو كوتڵەیەیە كە لە دوای هەڵبژاردنەكان لە دوو، یان زیاتر لیستی هەڵبژاردنی پێكدێت. بەو مانایەی كە دوای هەڵبژاردن لە ناو پەرلەمان و لە جەلسەی یەكەم هاوپەیمانی زۆرینە پێكدێنن، بەڵام كێشەی كوتلەی گەورە لە نێوان هاوپەیمانی بینائی (هادی عامری و نوری مالیكی) و هاوپەیمانی (الاصلاح والاعمار)ی سائرونی (موقتەدا سەدر و عەبادی) هەروەك خۆی مایەوە تا ئەو كاتەی كە لە دەرەوەی مادده دەستوورییەكان كاندیدێكی بێلایەنی وەك (عادل عەبدولمەهدی) ڕاسپێردرا لە كاتێكدا كە سەر بە هیچ یەك لەو دوو لیستە زۆرینەیە نەبوو و دوای دەست لەكاركێشانەوەشی هەمان پێشینە نادەستووریەكە بۆ ڕاسپاردنی (مستەفا كازمی) دووبارە كراوەیەوە، چونكە ئەویش لە هیچ یەك لە و لیستانە نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو لایەنە سیاسییەكان و پەرلەمان چاویان لەو سەرپێچییە دەستوورییە پۆشی بۆ ئەوەی مەسیری سیاسیی عێراق ڕاستەرێ ببێت، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێت ڕاستەرێ نەبووە. بۆیە بە ڕاستی ئایا هەڵبژاردنی پێشوەختە دەتوانێت ئەم بابەتانە چارەسەر بكات و گەرەنتی ئەوەمان پێ دەدات كە جارێكی دیكە بۆ پێكهێنانی كابینە بابەتی كوتلەی گەورە نەخزێنرێتەوە نێو چاوپۆشیكردن لە دەستوور؟ و ئایا بابەتی تەوافوق و شەراكەتی پێكهاتەكان ڕەچاو دەكرێت و هەوڵ دەدرێت بۆ چارەسەری چەندین بابەت و كێشەی دیكە كە بەرۆكی عێراقیان گرتووەتەوە؟

وەك ئاشكرایە خۆپێشاندانەكانی تشرینی (٢٠١٩) لە عێراق و هەندێك فاكتەری دیكەش بوونە هۆكاری لە كارلادانی حكومەتی (عادل عەبدولمەهدی)، جگە لەوەی كە هۆكاریش بوون بۆ گۆڕینی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە شێوەیەكەی ڕێژەیی، بەڵام ڕیشەیی، بە جۆرێك كە ئەو یاسایەی هەڵبژاردن كە هەر لە (٢٠٠٦)ەوە تا (٢٠١٨)وە كاری پێ دەكرا، بە جۆڕیك گۆڕدرا كە لیستی تاكەكەسی كردە بەدیلی لیستی حزبی ڕەها، زیدەباری ئەوەی كە عێراقی بەسەر ژمارەیەكی زۆری بازنەی هەڵبژاردن دابەش كرد، هەر ئەم خۆپێشاندانانە بوونە هۆكاری گۆڕینی ئەندامانی كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان و هێنانە سەر كاری (مستەفا كازمی) كە ئەوەشیان ناچار كرد كە داوای هەڵبژاردنی پێشوەختە بكات، وەك ئیستیجابەیەك بۆ دەنگی خۆپیشاندەران كە داوای كرد، مانگی (شەشی ٢٠٢١) هەڵبژاردن بێت، بەڵام لەبەر خیلافاتی سیاسی دواخرا بۆ مانگی (١٠ی ٢٠٢١) كە ئەویش بە ڕاستی هێشتا دیار نییە ئەنجام دەدرێت یان نە، كەواتە بیرۆكەی هەڵبژاردنی پێشوەختە دوابەدوای خۆپێشاندانەكانی (ئۆكتۆبەری ٢٠١٩) سەری هەڵدا وەك هەنگاوێك بۆ كەمكردنەوەی گرژییەكان و ڕێگەیەكیش بۆ دەستكردن بە چاكسازی.

بە پێی دەستووری عێراقی بۆ هەڵبژاردنی پێشوختە دەبێت پەرلەمان هەڵبوەشێندرێتەوە، هەر بۆیە پەرلەمان لە (٣١ی ئاداری ٢٠٢١) و لە دانشتینی ژمارە (٤٦) ی خۆی و بە پشتبەستن بە ئەحكامی مادەی (٥٩-دووەم و مادەی ١٣٨- پێنجەم-ا) لە دەستووری عێراق و دوای

> **هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی بەستراوەتەوە بە شەرتێكی واجبی جێبەجێكردن كە ئەویش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكانە كە دەستوور بە هیچ شێوەیەك بەندێكی وای تێدا نییە كە هەڵوەشاندنەوە ببەستێتەوە بە شەرتێكەوە كە ئەویش مەرجی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە**

> **لایەنە سیاسییەكان ترسیان لەوە بوو لەو كاتەی پەرلەمان بە پێی ماوە دەستوورییەكان هەڵدەوەشێندرێتەوە، حكومەت بەبێ چاودێر بمێنێتەوە و دواتریش حكومەت ئیستیغلالی بابەتەكە بكات و كاریگەری بكاتە سەر بارودۆخی سیاسیی عێراق**

پێشکەشکردنی داواکاری واژووکراوی (١٧٢) پەرلەمانتار بڕیاری دا، بە هەڵوەشانەوەی خۆی لە ڕێکەوتی (٧-١٠-٢٠٢١) بەو مەرجەی هەڵبژاردن لە ڕێکەوتی (١٠-١٠-٢٠٢١) ئەنجام بدرێت.

وەك ئاشكراشە بڕیاری پەرلەمانی مولزم نییە بۆ هیچ لایەك و ئەنجامدانی هەڵبژاردنیش دەوەستێتە سەر واقعی سیاسیی عێراق، بەڵام بە خوێندنەوەیەكی یاسایی بۆ ئەم بڕیارە پەرلەمانییە بۆمان دەردەكەوێت كە پەرلەمان بە پێی ئەم بڕیارە پەرلەمانییە خۆی هەڵنەوەشاندووەتەوە، بەڵكو بڕیارێكی دەركردووە كە ئەگەر هەڵبژاردن ئەنجام درا لە (٧ی ١٠) ئەوا ئەویش هەڵدەوەشێتەوە، ئەم بڕیارەی پەرلەمان جەدەلی یاسایی و دەستووری زۆری دروست كرد، كە شاراوە نییە سەرپێچی دەستووری لەخۆ دەگرێت، بەڵام هەمدیسان لەبەر بارودۆخی سیاسیی عێراق چاوپۆشی لەو سەرپێچیە دەستوورییەی پەرلەمان كرایەوە.

خۆی لە خۆیدا هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان پێچەوانەی ماددەی (٦٤ برگەی دووەم)ی دەستووری عێراقە كە ئاماژە بەوە دەدات كە « لە كاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، سەرۆك كۆمار هەڵدەستێت بە بانگهێشتكردن بۆ هەڵبژاردنی گشتی لە ماوەی (٦٠) ڕۆژ، لە ڕۆژی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانیش لەم حاڵەتەدا بەدەست لەكاركێشاوە ئەژمار دەكرێت»، باس لەوەش دەكات كە «هەڵبژارنی پێشوەختە بە مەرسومی كۆماری دیاردەكرێت لە لایەن سەرۆكی كۆمارەوە لە ماوەی دوو مانگ لە ڕێكەوتی هەڵوەشاندەنەوەی پەرلەمان»، بەو مانایەی كە هەڵبژاردنی پێشوەختە هیچ پەیوەندی نە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە و نە كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە ڕوانگەی دیاری كردنی ڕێكەوتی هەڵبژاردنی پێشوەختە لە كاتێكدا ئەم ڕێكەوتە و ئەم داواكاریە لە لایەن كازمی-یەوە درا و كاتەكەشی دیار كرا، كە وەك یەكێك لە بەڵێنەكانی خۆی لە منهاجی وەزاری خۆی دایبوو.

ئەمە جگە لەوەی كە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی بەستراوەتەوە بە شەرتێكی واجبی جێبەجێكردن كە ئەویش ئەنجامدانی هەڵبژاردەنەكانە كە دەستوور بە هیچ شێوەیەك بەندێكی وای تێدا نییە كە هەڵوەشاندنەوە ببەستێتەوە بە شەرتێكەوە كە ئەویش مەرجی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە، بۆیە دانانی تەنیا (٣) ڕۆژ لە بەینی هەڵوەشاندەنەوە و ئەنجامدانی هەڵبژاردن تەنیا لەبەر نەبوونی متمانەی نێوان پەرلەمان و حكومەت بوو، چونكە لایەنە سیاسییەكان ترسیان لەوە بوو لەو كاتەی پەرلەمان بە پێی ماوە دەستوورییەكان هەڵدەوەشێندرێتەوە، حكومەت بە بێ چاودێر بمێنێتەوە و دواتریش حكومەت ئیستیغلالی بابەتەكە بكات و كاریگەری بكاتە سەر بارودۆخی سیاسیی عێراق.

كەواتە بە ڕاستی ئایا ئەو هەموو پێشێلكارییە دەستووریانەی ئەنجام دراون دەكرێت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە چاك بكرێنەوە و دووبارە نەكرێنەوە؟ من ڕاشكاوانە دەڵێم نەخێر و، بگرە دوور نییە سەرپێچی دەستووریی زیاتریش ببینین و پێناچیت ئەم هەڵبژاردنە ببێتە فریادڕەسێك بۆ چاكسازی و خزمەتگوزاری و خۆشكردنی گوزەرانی خەڵك، بەڵكو دەرهاوێشتەكان پێمان دەڵێن ئەگەر هەڵبژاردنی پێشوەختەش بكرێت، بارودۆخی دوای هەڵبژاردن بارودۆخێكی دژوار و ئاڵۆز دەبێت و تەنگەژە سیاسییەكانی عێراقیش زیاتر و زیاتر دەبن، ئەمەش بە هۆی بوونی هۆكارگەلی زۆری وەك خۆكشانەوەی ڕەوتی سەدر و چەندین پارتی دیكەی سیاسی بۆ بەشداربوون لە هەڵبژاردنەكان و سووربوونی (نوری مالیكی و هادی عامری) بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، هەروەها ترسی بەهێزتر بوونی دەوڵەتی عەمیقە و میلیشیا وەلائییەكان و كۆنترۆل نەكردنی چەك لەلایەن دەوڵەتەوە و نەبوونی دەسەڵاتی حكومەت بە سەر میلیشیاكانەوە، بۆیە بە ڕاستی ئەوەی هەموومان هیواخوازین ڕووبدات ئەوەیە كە ئەگەر هەڵبژاردنی پێشوەختەش ئەنجام بدرێت، هەوڵ بۆ چاكسازی و خۆشگوزەرانی خەڵك بدرێت و كار بكرێت بۆ كۆنترۆڵكردنی چەكی بەربڵاوی دەرەوەی دەسەڵاتی حكومەت و سنوورێكیش بۆ زێدەڕۆییەكانی ئەو میلیشیایانە دابنرێت كە بوونەتە مەترسی بۆ سەر ئەمنییەتی عێراق و هەرێمی كوردستان.

**دوور نییە سەرپێچی دەستووریی زیاتریش ببینین و پێناچیت ئەم هەڵبژاردنە ببێتە فریادڕەسێك بۆ چاكسازی و خزمەتگوزاری و خۆشكردنی گوزەرانی خەڵك، بەڵكو دەرهاوێشتەكان پێمان دەڵێن ئەگەر هەڵبژاردنی پێشوەختەش بكرێت، بارودۆخی دوای هەڵبژاردن بارودۆخێكی دژوار و ئاڵۆز دەبێت**

**ئەوەی هەموومان هیواخوازین ڕووبدات ئەوەیە كە ئەگەر هەڵبژاردنی پێشوەختەش ئەنجام بدرێت، هەوڵ بۆ چاكسازی و خۆشگوزەرانی خەڵك بدرێت و كار بكرێت بۆ كۆنترۆڵكردنی چەكی بەربڵاوی دەرەوەی دەسەڵاتی حكومەت و سنوورێكیش بۆ زێدەڕۆییەكانی ئەو میلیشیایانە دابنرێت**

دیمانەی تایبەت



## جەیمس سپێرلینک

پڕۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی ئاکرۆن بۆ گوڵان:

# دوای ٢٠ساڵ هەوڵەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان شکستیان هێنا

جەیمس سپێرلینك پڕۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی ئاکرۆن، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە وەك تیۆریی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی دەرەکی و ئاسایشی جیهانی و هەرێمایەتی. هەروەها چەندین توێژینەوە و کتێبی لە بارەی سیاسەتی دەرەوە، بەتایبەتی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پەیوەندییەکانی ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا هەیە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی گرنگی لەگەڵدا شرۆڤەکرد، کە تەوەرە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە کاریگەری سیاسەتەکانی ئیدارەی بایدن لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ستراتیژیی ئەم ئیدارەیە لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

*** زۆر باس لە جیاوازییەکانی سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئیدارەی سەرۆك بایدن دەکرێت بەراورد بە ئیدارەکەی پێش خۆی (بە سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ) بەتایبەتی لە پەیوەندی بە پرسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە، ئێوە لەم بارەیەوە چ جیاوازی و ئاڵوگۆڕێك بەدی دەکەن؟**

- گرنگترین جیاوازییەك کە بەدی بکرێت لەم ڕووەوە، بریتییە لە هەوڵەکانی سەرۆك بایدن بۆ بنیاتنانەوەی هاوپەیمانێتییە ستراتیژییەتە دوورمەوداکانمان، بۆ نموونە: لەگەڵ (ئەندامانی ناتۆ، ئوسترالیا، یابان و کۆریای باشوو). هەرچەندە پێناچێت بایدن بتوانێت بە تەواوەتی متمانەی هاوپەیمانەکانمان بەدەست بهێنێتەوە کە ترەمپ بە هەدەری دابوو، یان بتوانێت بەسەر ئەو بێ متمانەییەدا زاڵ بێت کە هاوپەیمانەکانمان هەیانە بە هۆی ئەگەری دووبارە هەڵبژاردنەوەی ترەمپ، یان هەڵبژاردنی کەسێکی هاوشێوەی ترەمپ.

*** ئایا ڕات وایە، بایدن ڕێچکە و ڕێبازێکی تایبەت بە خۆی گرتووەتەبەر لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا؟**

- هێشتا زووە بۆ ئەوەی ئەم هەڵسەنگاندنە ئەنجام بدەین. هەر چۆنێك بێت، ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە بایدن درێژە بە هەوڵەکانی ئۆباما و ترەمپ دەدات، بۆ ئیحیتواکردنی ئامانجە جیۆپۆلەتیکییەکانی چین و بۆ لەباربردنی هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر لە سنوورەکانی ڕۆژئاوایدا.

*** ئایا بە تێڕوانینی ئێوە پێویستە ئیدارەی سەرۆك بایدن سیاسەتێکی دەرەکی بگرێتەبەر کە جەخت لەسەر گۆڕینی دەسەڵات و کۆمەڵگەکانی وڵاتان بکاتەوە؟ یان تەنیا بایەخ بە ڕێککەوتن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی وڵاتانی دیکەدا بدات؟**

- من پێم وایە ئەو ڕێچکە و ڕێبازەی ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن، دەبێت دوایین کارنامە و هەنگاوی بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بن. بە واتایەکی دیکە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتێکی پتر سنووردار بگرێتەبەر، بەو مانایەی کە سنووری هێزی خۆی لەبەرچاو بگرێت و ڕەچاوی بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا بەردەوام بێت لە پشتیوانیکردن، پاراستن و بەهێزکردنی ئەو سیستمە لیبراڵی و نێودەوڵەتی و ڕێسابەندەی لە دوای ساڵی ١٩٤٥ەوە هاتە دامەزراندن.

*** ئەی چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك بایدن لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەڕوانیت؟**

- ئەو بیرۆکەیەی پێی وایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تاکە سیاسەتێکی لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، یان دەکرێت تاکە سیاسەتێکی هەبێت، خۆی لە خۆیدا بەشێکی کێشەکەیە. چونکە ئەوەی هەیە، چەند پرسێکی جیاوازن، ئەگەرچی پێکەوە پەیوەستیشن، کە دەبێت لە یەك کاتدا ئەمریکا کاریان لەسەر بکات، بەڵام هەرچۆنێك بن، ئەوانە کێشەی لێك جیاوازن. بۆ نموونە: کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل جیایە لە کێشەی ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی، یان زەرووەتی پاراستنی هەناردەکردنی نەوت لە ناوچەی کەنداوی فارسییەوە لە پێناو دەستەبەرکردنی سەقامگیریی ئابووریی نێودەوڵەتی، یان پرسی ئاوێتەبوونی چین لە ناوچەکەدا، بۆ دووبارە دارشتنەوەی ڕێساکانی سیستمە لیبراڵییە نێودەوڵەتییەکە. هەموو ئەوانە جیاوازن لە پرسی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی عێراق و هەوڵە بەردەوامەکان بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی دەوڵەتێك کە بتوانێت پارێزگاری لە بەرژەوەندی و مافەکانی کەمینەکان بکات لە بەرامبەر زۆرینەدا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە توانایدایە بە سەرکەوتوویی هەندێ لەم کێشانە چارەسەر بکات، بۆ نموونە (چین و پرسی هەناردەکردنی نەوت لەم ناوچەیەوە) و، دەتوانێت زیانی هەندێ پرسی دیکە کەم بکاتەوە، (ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل و پرسی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی). کە هەندێکیان لە دەرەوەی توانای ئەمریکان، بۆ نموونە: دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەبا لە قەوارەیەکی دابەشبوودا..

*** بەڵام هەندێ لە چاودێر و شرۆڤەکاران پێیان وایە کە لەبەر ئەوەی ئەمریکا لە ڕووی وزەوە بەشی پێداویستیی خۆی بەرهەم دەهێنێت و، پێویستی بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەماوە، ئەوا ئەم ناوچەیەش گرنگییەکی ئەوتۆی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نەماوە، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- هەر دوورکەوتنەوەیەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەنجامی گۆڕانکارییە لە شێوازی مامەڵەی ئەمریکاوە سەرچاوە دەگرێت لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا، ئەوەی بەدی دەکرێت بە سەربازیکردنێکی کەمتری کێشەکانە لە ناوچەکە و پشتبەستنێکی گەورەترە بە دیپلۆماسییەت، لەگەڵ ئەو تەحەددییە جیۆستراتیژییانەی کە چین و ڕووسیا دروستیان کردووە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، و پێداویستی خۆگونجاندن لەگەڵ کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییە قووڵەکانی نێوخۆی ئەمریکا. هەروەها ئەمە پەیوەندیدارە بە کەمکردنەوەی بوونی سەربازی ئەمریکا لە ناوچەکە و پتر پشتبەستن بە فڕۆکە

**پێناچێت بایدن بتوانێت بە تەواوەتی متمانەی هاوپەیمانەکانمان بەدەست بهێنێتەوە کە ترەمپ بە هەدەری دابوو**

**ئەمریکا بەشی خۆی وزە بەرهەم دەهێنێت و کار بۆ دۆزینەوەی وزەی نوێبووەوە دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی وڵاتانی ناوچەی کەنداوی فارسی دەسترۆیشتوویی و کاریگەرییەکی کەمتریان لەسەر ئەمریکا هەبێت**

**هەرگیز ڕێککەوتنە ئەتۆمییە فرەلایەنەکە، کە ترەمپ لێی کشایەوە، پشتیوانیی تێکڕای ناوەندەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای بەدەست نەهێنا**

بێفڕۆکەوانەکان و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی چاودێری و هەواڵگری و بەدواداچوون. دواتر ئەوە ڕاستە کە ئەمریکا بەشی خۆی وزە بەرهەم دەهێنێت و کار بۆ دۆزینەوەی وزەی نوێبووەوە دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی وڵاتانی ناوچەی کەنداوی فارسی دەستڕۆیشتوویی و کاریگەرییەکی کەمتریان لەسەر ئەمریکا هەبێت، بەڵام نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت، کە هێشتا ئابووریی نێودەوڵەتی و زۆربەی هاوپەیمانەکانمان پێویستییان بە وزەی ئەم ناوچەیە هەیە.

*** هەروەك ئاشكرایە كە بێ متمانەییەكی زۆر لە نێوان ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و ئێراندا هەیە، كە پتر قووڵ بووەوە لە دوای ئەوەی ئیدارەی ترەمپ تاكلایەنانە لە ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكە كشایەوە، بەڵام ئیدارەی سەرۆك بایدن دەستی كردووەتەوە بە گفتوگۆكان بۆ دووبارە گەڕانەوە بۆ ئەم ڕێككەوتنە، بۆچوون و تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەوە ڕاستە کە لە دوای ڕووخاندنی دەسەڵاتی شای ئێرانەوە، بێ متمانەیی لە پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکادا دروست بووە، سوپای پاسداران دەستی بەسەر باڵیۆزخانەی ئەمریکادا گرت و دیپلۆماتکارە ئەمریکییەکانیشی بە بارمتە گرت، ئەمریکاش ڕێکاری تۆڵەسەندنەوەی گرتەبەر لە شێوەی سەپاندنی سزاکان، هەروەها چاوپۆشی لە هێرشە ئەلیکترۆنییەکانی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوە ناوکییەکانی ئێران کردووە، ئەگەر نەڵێین هاوکاری کردووە. هەرگیز ڕێککەوتنە ئەتۆمییە فرەلایەنەکە، کە ترەمپ لێی کشایەوە، پشتیوانیی تێکڕای ناوەندەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای بەدەست نەهێنا، دەبێت ئێرانیش ئەوەی لەبەرچاو بێت، کە ئەگەری ئەوە هەیە هەر ڕێککەوتنێکی «نوێ» ڕووبەڕووی لەباربردن ببردرێتەوە لەلایەن سەرۆکێکی کۆماری لە داهاتوودا، بە تایبەتی ئەگەر پارتی کۆماری لەژێر کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ترەمپدا بمێنێتەوە. هەروەها دوو مەرجی پێشوەخت هەن، کە دەبێت بەدی بهێنرێن، بۆ ئەوەی ڕێککەوتنێکی نوێ بهێندرێتە ئاراوە. یەکەمیان، دەبێت گوتاری حکومەتی ئێران نەرمتر بێت، هەروەها کردارەکانیشی کەمتر ئیستفزازییانە بن، بە تایبەتی لە ناوچەی کەنداودا، دووەمیان دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە ئێرانیش نیگەرانی ئەمنیی ڕەوای هەیە و بە زۆری سەرچاوە دەگرێت لە پشتیوانیی بەرفراوانیی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل و ئەو ڕاستییەی کە ئێران ئامرازی بەرپەرچدانەوەی کۆگای ناوکیی ئیسرائیل و ئەمریکای نییە.

**دەبێت ئەمریکا ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە ئێرانیش نیگەرانی ئەمنیی ڕەوای هەیە و بە زۆری سەرچاوە دەگرێت لە پشتیوانیی بەرفراوانیی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل و ئەو ڕاستییەی کە ئێران ئامرازی بەرپەرچدانەوەی کۆگای ناوکیی ئیسرائیل و ئەمریکای نییە**

*** دوای دەرکردنی بەیاننامەی هاوبەشی دیالۆگی ستراتیژی لە نێوان عێراق و ئەمریکادا، ئایا هیچ ئەگەر و ئاسۆیەك بەدی دەكەیت بۆ ئەوەی ئەم دوو وڵاتە هاوكارییەكی هەمە لایەنەی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا بێتەدی؟**

- ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەگەری ئەم شەراکەتە بەندە بە بەردەوامیی هەڕەشە ناوخۆییەکانەوە لەسەر سەقامگیریی سیاسی لە عێراقدا و بەردەوامبوونی ڕۆڵی هاوپەیمانێتیيە نێودەوڵەتییەکە لەو وڵاتەدا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی وترا، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکان (هاوشان لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ) بەرژەوەندیی بەردەوامیان هەیە لە هاوکاریکردنی هەوڵەکانی سەقامگیرکردنی عێراق و ئەم دیالۆگەش دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەگەری هاتنەئارای ئەم دەرئەنجامە سەرکەوتووە.

*** چۆن لە هۆكار و ئاكامەكانی بڕیارەكەی سەرۆك بایدن دەڕوانیت بۆ كشانەوە لە وڵاتی ئەفغانستان، بەتایبەتی كە دەبینین حكومەت و سوپای ئەفغانستان لە ئاست پێشڕەوییەكانی تاڵیباندا بە تەواوی دەستەوەستانن؟**

- یەکێك لەو تێڕوانینە هەڵانەی پەیوەستە بە کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان، ئەوەیە کە نەبوونی ئەمریکا لەو وڵاتەدا دەبێتە هۆی بەرپاکردنی شەڕی ناوخۆ و لە ئەنجامدا تاڵیبان دەست بەسەر وڵاتەکەدا دەگرێتەوە. بە تێڕوانینی من ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ( هاوشان بە هاوپەیمانەکانی ) توانیویەتی ئیحتیوای ئەو شەڕە ناوخۆییە بکات کە لە میانەی ٢٠ساڵی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و سەقامگیرکردندا لە ئارادا بوو. داڕووخانی دۆخە ئەمنییەکە ڕەنگدانەوەی لاوازیی حکومەتی کابول و بەهێزیی بزووتنەوەی تاڵیبانە. داڕووخانی خێرای حکومەتی ئەو وڵاتە- کە ئەمریکا پشتیوانی لێ دەکرد- ئاماژەیە بەوەی کە حکومەتی مەرکەزیی ئەو وڵاتە هەمان شەرعییەت و پابەندبووتی تاڵیبانی نییە. خواست و پەرۆشی ئێمە بۆ بنیاتنانی نەتەوە لە ئەفغانستاندا هەڵە و شکستێك بوو سەرباری ئەوەی باشترین هەوڵمان خستەگەڕ، ئەگەر نەمانتوانیبێ لە میانەی ٢٠ ساڵدا بە بوون و نەبوونی تاڵیبان قەوارەیەکی سیاسیی سەقامگیر بنیات بنێین، ئەوا نازانم چۆن مانەوەمان بۆ ماوەیەکی زیاتر دەبێتەهۆی بەدیهێنانی دەرئەنجامێکی جیاوازتر. بایدن گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە درێژەدان بە مانەوەی ئەمریکا چیتر خزمەت بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا ناکات. کە بە تێڕوانینی من لەم هەڵسەنگاندنەدا هەڵە نییە.



دیمانەی تایبەت

## لینۆری مارتین

پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە کۆلێژی ئیمانوێڵ لە بۆستن بۆ گوڵان:

# ڕێککەوتنی عێراق و ئەمریکا وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی هەر دوو وڵاتەکەیە

لینۆری مارتین پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە کۆلێژی ئیمانوێڵ لە بۆستن. توێژەرە لە سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هارڤارد، خاوەنی چەند توێژینەوە و کتێبە لە بارەی ئاسایشی نەتەوەیی لە ناوچەی کەنەدا و سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و سیاسەتی نێودەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ تاوتوێکردن و شرۆڤەکردنی چەند پرس و پەرەسەندنێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

**ئیدارەی بایدن هەر سیاسەتێک بگرێتەبەر، ئەوا وا لێی دەڕوانرێت، کە باش تاوتوێ کرابێت. واتە سیاسەتێک نییە کە زادەی بیرکردنەوەی ساتەوەختێکی کتوپڕ بێت**

**ئیدارەی سەرۆک بایدن دووبارە کونسوڵگەریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی لە قودسدا کردەوە، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی نزیکتر لەگەڵ دەسەڵاتی فەلەستینی و گەلی فەلەستینیدا دروست بکات**

**سەرۆک بایدن هەڵوێستێکی دیپلۆماتی بەڵام ڕوونی لە ئاست سەرۆکی تورکیا (ئەردۆغان) گرتووەتەبەر، لە ڕووی ستراتیژیشەوە درێژەی بە پشتیوانیکردنی هێزەکانی سوریای دیموکراتی لە سووریا داوە و بە ڕوونی ئامانجی خۆی بۆ لەناوبردنی داعش لە سووریا ڕاگەیاندووە**

*** زۆر باس لەوە دەکرا کە سیاسەتەکانی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ گۆڕانکاری بە سەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەهێنێت، بەڵام دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ئیدارەی بایدنەوە، هەلومەرجی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەرەو باری ئاسایی گەڕاوەتەوە لەو ڕووەوە، کە ئەم ئیدارەیە پتر جەخت لەسەر کارکردنی فرەلایەنی و گەڕانەوە بۆ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەکاتەوە، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- یەکێك لە گۆڕانکارییە بەرچاوەکان بریتییە لە گۆڕانکاری لە گوتاری ئەم ئیدارەیەدا. واتە تێڕوانینەکە ئەوەیە کە ئیدارەی بایدن هەر سیاسەتێك بگرێتەبەر، ئەوا وا لێی دەڕوانرێت، کە باش تاوتوێ کرابێت. واتە سیاسەتێك نییە کە زادەی بیرکردنەوەی ساتەوەختێکی کتوپڕ بێت. ئەمەش لە کۆتاییدا بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئەمریکا دەشکێتەوە. هەروەها ئەم ئیدارەیە کە لە دپلۆماسییەت تێدەگات و ڕێزی لێ دەگرێت، بە هەمان شێوە لەوە تێدەگات کە پێویستە کار لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا بکرێت، هەر کاتێك کە مومکین بوو. لە هەمان کاتدا پێدەچێت ئەم ئیدارەیە خۆی بە دوور گرتبێت لە خولیای دروستکردنی پەیوەندیی دۆستانەی شەخسی لەگەڵ دیکتاتۆرەکاندا.

*** ئەگەر ئێوە لە پێگەیەکدا بن کە ڕاوێژکاری و ڕاسپاردە پێشکەش بکەن بە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئایا پێتان وایە لە نێوان سیاسەتێکی دەرەکیدا کە هەوڵی گۆڕانکاری بدات لە سیستمە سیاسییەکانی وڵاتی دیکە و سیاسەتێك کە هەوڵی ڕێککەوتن بدات لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکان، چ سیاسەتێکی دەرەکی واقیعبینانەترە و دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت و جێبەجێ بکرێت؟**

-پێدەچێت لەم قۆناغەدا ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن هەر بڕیارێکی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوە بە جیا تاوتوێ بکات. بە تێڕوانینی من ئەمە سیاسەتێکی دروستە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵۆزییەی باڵی بەسەر بواری نێودەوڵەتیدا کێشاوە.

*** بە شێوەیەکی گشتی چ تێڕوانین و هەڵسەنگاندنێکتان هەیە بۆ ئەو سیاسەتە دەرەکییەی کە ئیدارەی سەرۆك بایدن گرتوویەتەبەر لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- سەرەتا ئەوەی پەیوەست بێت بە سیاسەتی ئەم ئیدارەیە لە ئاست کێشەی فەلەستین و ئیسرائیلدا، ئەوا ئەوەی بەدیمان کرد لە میانەی شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماسدا، ئەوە بوو کە ئەم ئیدارەیە زۆر بە وریاییەوە هەنگاوی هەڵدەگرت و هەوڵی دا پشتیوانی بۆ ئیسرائیل دەستەبەر بکات و، دەسەڵاتی فەلەستینی بەهێز بکات، لە هەمان کاتدا کاری دەکرد بۆ لاوازکردنی حەماس. بەڵام لەم هەوڵەیدا زۆر سەرکەوتوو نەبوو. بەڵام ئیدارەی سەرۆك بایدن دووبارە کونسوڵگەریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی لە قودسدا کردەوە، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی نزیکتر لەگەڵ دەسەڵاتی فەلەستینی و گەلی فەلەستینیدا دروست بکات و دابمەزرێنێت. لەم ڕووەوە حکومەتی ئیسرائیل ئەو ڕاستییە لەبەرچاو دەگرێت کە لە ئێستادا ئیدارەیەکی نوێ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لەئارادایە کە پشتیوانی لەو چارەسەرە دەکات کە دوو دەوڵەت لەخۆ دەگرێت. لەم ڕوانگەیەوە ئیسرائیل بنیاتنانی ٨٥٠ خانووی فەلەستینی لە کەناری ڕۆژئاوا ڕاگەیاند. ئەمە پێش ئەوەی سەرۆك وەزیرانی نوێی ئیسرائیل سەردانی کۆشکی سپی بکات. کارێکی گرنگە کە چاودێریی ئەوە بکرێت، ئایا تا چەند ئیدارەی بایدن دەستڕۆیشتوویی دەبێت بەسەر حکومەتی ئیسرائیلەوە. لەبارەی سیاسەتی ئەم ئیدارەیە لە ئاست ئێراندا ئەوا ئاشکرایە کە هەوڵیداوە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لە پێناو گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە. لەگەڵ بوونی سەرۆکێکی سەختگیر لە تاراندا ئەوا ڕەنگە ئەمە کارێکی دژوارتر بێت، یان بە پێچەوانەوە ڕەنگە بوونی پەیوەندیی نزیك لە نێوان سەرۆکی نوێی ئێران و ڕابەری باڵای ئەو وڵاتە، ئەوا ڕەنگە ئەمە زیاتر ئەگەری هاتنەئارای هەبێت. دەبێت لەم ڕووەوە چاوەڕوان بین و ببینن. دواتر دامەزراندنی ڕۆب مۆلی لەلایەن سەرۆك بایدنەوە نیشاندانی نیازی ئەم ئیدارەیە بۆ سەرخستنی گفتوگۆکان. ڕۆب مۆلی شارەزای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و لە ژیانی پیشەییشدا هەمیشە کاری عەقڵانی کردووە. هەروەها نیگەرانییەکی ڕاستەقینە هەیە لە نێو ئیدارەکە و کۆنگرێسدا لەبارەی بەکارهێنانی میلیشیاکانەوە لەلایەن ئێرانەوە لە وڵاتانی سووریا، عێراق و یەمەندا. کە ئەمەش بە دڵنیاییەوە کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانیان دەبێت. سەبارەت بە سیاسەتی ئەم ئیدارەیە لە ئاست تورکیا و سووریادا، ئەوا دەتوانین بڵێین کە سەرۆك بایدن هەڵوێستێکی دیپلۆماتی بەڵام ڕوونی لە ئاست سەرۆکی تورکیا (ئەردۆغان) گرتووەتەبەر، لە ڕووی ستراتیژیشەوە درێژەی بە پشتیوانیکردنی هێزەکانی سوریای دیموکراتی لە سووریا داوە و بە ڕوونی ئامانجی خۆی بۆ

لەناوبردنی داعش لە سووریا ڕاگەیاندووە. تورکیاش پشتیوانیی چەکدارانی سوپای سوریای ئازادی کردووە و، بەردەوامە لە پاڵپشتیکردنی ژمارەیەك لە میلیشیا ئیسلامییەکان. خەمیی سەرەکیی تورکیا لە سووریادا بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی پەیەدە کە باوەڕی وایە پەیوەندیدارە بە پەکەکەوە. هەروەها تورکیا بەردەوامە لە ئەنجامدانی هێرشەکانی لە دژی پەکەکە لە باکووری عێراقدا. لەلایەکی دیکەوە ئێمە دەزانین کە جیاوازی و ناکۆکییەکی زۆر هەیە لە نێوان تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناتۆدا لە بارەی قبوولکردنی تورکیا بۆ سیستمی مووشەکی ئێس ٤٠٠ کە تورکیا لە ڕووسیای کڕیوە. هەروەها سەرۆك ئەردۆغان پشتیوانێکی سەرەکیی حەماسە کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە لیستی تیرۆردا ناوزەدی کردووە. سەرۆکی پێشووی ئەمریکا- دۆناڵد ترەمپ- کارێکی کەمی کرد بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییانە لەگەڵ تورکیادا. بەڵام ئەگەری زۆرە کە سەرۆك بایدن هەڵوێستێکی بەهێزتر بگرێتەبەر لە ئاست تورکیادا لە پەیوەندی بەو پرسانەی پەیوەستن بە ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکاوە. کەواتە لە ئێستادا ئەوە بەدی دەکەین کە لە هەر هەلومەرجێکدا سیاسەتی ئەمریکا بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە پەرەی پێ دەدرێت.

*** لە ئێستادا ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرقاڵی کشانەوەیە لەم ناوچەیە، ئایا ئەوە تا چەند ڕاستە و ئایا ئەم سیاسەت و هەڵوێستەی ئەمریکا پەیوەندی بەوەوە نییە کە چیتر ئەم ناوچەیە بە چەشنی ڕابردوو بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا گرنگی نییە؟**

- ئەوە ڕاستە کە چیتر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشت بە هاوردەکردنی وزە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نابەستێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمریکا دەیەوێت خۆی لە شەڕەکانی ئەم ناوچەیە دوور بخاتەوە. هەروەها دەبێت ئەو ڕاستییەش لە یاد نەکەین، کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگی خۆی هەیە بۆ پرسی ئاسایش و بۆ بواری بازرگانی لە جیهاندا، هەر لەبەر ئەم هۆکارانەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا بەردەوام دەبێت، هەروەك ئەوەی لە سیاسەتەکانی ئەم ئیدارە نوێیە بەدی دەکرێت.

*** ئێوە ئاماژەتان بە پرس، یان ئەگەری گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا کرد، بەڵام هەروەك ئاشکرایە، بێ متمانەییەکی زۆر لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەیە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئیدارەی ئۆباما ڕێککەوتنەکەی واژۆ کرد و، دواتر ئیدارەی ترەمپ لێی کشایەوە، ئایا بواری ئەوە ماوە هەنگاوی بنیاتنانی متمانە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی ڕێککەوتنەکە بهێنرێتەوەئارا؟**

- من پێم وا نییە مەسەلەکە پەیوەندی بە بنیاتنانی متمانەوە هەبێت. بەڵکو بابەتەکە ئەوەیە ئایا هەر لایەنێك ئامادەیە چ سازشێك ئەنجام بدات و چۆن بە دواداچوون بۆ ڕێککەوتنەکە دەکرێت. خۆ ئەگەر بێتو ڕێککەوتنێك بکرێت و هەردوولا پێوەی پابەند بن، ئەوا ئەمە خۆی لە خۆیدا متمانە دروست دەکات.

*** دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی هاوبەشی دیالۆگی ستراتیژیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق، ئایا هیچ ئاسۆیەك بەدی دەکەیت بۆ شەراکەتێکی ستراتیژی و درێژخایەن لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا؟**

- پێم وایە مەبەستی ڕێککەوتنەکە بریتی بوو لە پشتیوانیکردنی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان کاتێك داوای کشاندنەوەی سەرجەم هێزەکانی ئەمریکا دەکرێت لە عێراقدا. ئەم ڕێککەوتنە بوار بە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەدات بۆ ئەوەی هاوکاری بێت لە کۆنترۆڵکردنی هێزەکانی داعش لە عێراقدا لە ڕێی دەستەبەرکردنی ڕاهێنان و هاوکارییەوە. ئەمە ڕێککەوتنێکە کە وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی عێراق و ئەمریکایە.

*** چۆن لە بڕیارەکەی سەرۆك جۆ بایدن دەڕوانیت سەبارەت بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان، بەتایبەتی کە دەبینین تاڵیبان لەو وڵاتەدا پێشڕەوی گەورە دەکات؟**

- ئەوە تراژیدیایە کە دەبینین دۆخی حکومەت و سوپای ئەفغانستان بەو جۆرە دابڕووخێت لە بەرامبەر هێرشەکانی هێزە ڕێکخراوەکانی تاڵیباندا. ئەوانەی هاوکاریی ئەمریکایان کرد، لە ئافرەتان و کەسانی عەلمانی و ئەوانەی پەرۆشی پەروەردە و مۆدێرنە بوون لە ئەفغانستان، لە ئێستادا لە مەترسییەکی گەورەدان، کە لە چەند مانگی ڕابردوودا ئەم حاڵەتە بەرچاو بووە. پێویست بوو پێش ڕاگەیاندن کشانەوەی، ئەمریکا ئامادەکاری بکات بۆ گواستنەوەی ئەو ئەفغانییانەی هاوکارییەکی گەورەی هەوڵەکانی ئەمریکایان کرد. زۆر زەحمەتە بزانین ئایندەی ئافرەتان و منداڵان لە ئەفغانستاندا چۆن دەبێت.

**جیاوازی و ناکۆکییەکی زۆر هەیە لە نێوان تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناتۆدا لە بارەی قبووڵکردنی تورکیا بۆ سیستمی مووشەکی ئێس ٤٠٠ کە تورکیا لە ڕووسیای کڕیوە**

**سەرۆك ئەردۆغان پشتیوانێکی سەرەکیی حەماسە کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە لیستی تیرۆردا ناوزەدی کردووە**

**ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگی خۆی هەیە بۆ پرسی ئاسایش و بۆ بواری بازرگانی لە جیهاندا، هەر لەبەر ئەم هۆکارانەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا بەردەوام دەبێت**



**قەشە یترۆن یۆنان داود**

**قەشەی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووریی دیانا بۆ گوڵان:**

# ئەو پێکەوە ژیانەی لە کوردستان هەیە بە حیکمەت و دەسەڵاتی سەرۆک بارزانی پارێزراوە

## ئێمەی کریستیان لە مانگی ڕەمەزاندا بەربانگ بۆ موسڵمانان ئامادە دەکەین

**بە درێژایی ژیانی کوردستانیان هەمیشە پێکەوەژیان فاکتەری بەردەوامبوونی ژیان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بووە لە نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکاندا، لە هەرێمی کوردستاندا پەیوەندیی نێوان موسڵمان و کریستیان مکوم و پتەوە، لە گفتوگۆیەکی کراوەدا لەگەڵ قەشە یترۆن یۆنان داود قەشەی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووریی دیانا لە میانی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی (گوڵان) دا بە تێروتەسەلی باسی لەم پێکەوەژیانە و ڕۆڵی کریستیان لە شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا کرد، هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بێت و ببێتە خاوەن دەوڵەت، سەرجەم نەتەوە و ئایینەکانی دیکە دەحەسێنەوە، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

*** کە سەردانی ئێرەمان کرد، کەنیسەمان بینی، لەولاشەوە مزگەوتمان بینی، ئەمە سرووشتێکی زۆر جوانە، دەچێتە خانەی پێکەوەژیان، جەنابتان چۆن دەڕواننە ئەم پێکەوەژیانە؟**

- ئەگەر بەپێی مێژوو ئەم پێکەوەژیانە باس بکەین، دەڵێین پێشتر وەك ئێستا نەبووە، هەموومان لە گوند بووین، لێرە گوندی کریستیان بوو، لەولاشەوە گوندی موسڵمان بوو، خۆشەویستی و برایەتی زۆر زیاتر بوو، لە خۆشی و ناخۆشیدا پێکەوە بەشدار بووین، تەنانەت پرسەشمان جیاواز نەبووە، بەڵام ئێستا، ئەم پەیوەندییانە کەمتر بوونەتەوە و لاوازتر بوون، چونکە بەرژەوەندیی شەخسی زیاترە لە بەرژەوەندیی گشتی، بەڵام بۆ دڵنیاییتان ئەم دیاردەیە لای ئێمە لە دیانا نییە، ئەو پەیوەندییەی پێکەوەژیانەی پێشتر هەروەك خۆی ماوەتەوە و زیاتر گەشەی کردووە، من لە ساڵی ٢٠٠١ەوە تا ئێستا وەك قەشە لێرەم، لە ساڵی ٢٠٠٤ دەستمان کرد بە پڕۆژەیەك کە هەموو ساڵ لە مانگی ڕەمەزاندا نان بۆ برا موسڵمانەکان ئامادە بکەین، واتا بەربانگ لەلایەن کەنیسەوە دابین دەکرا، یەکەم جارە لە عێراق کەنیسەیەك دەرگا والآبکات و نان بداتە موسڵمانان لە کاتی بەربانگ، ئێمە یەکەم کەس بووین کە لە کەنیسەی دیانا دەستمان بەمە کرد، لەبەر ئەو پەیوەندییە خۆشەویستی و برایەتییەی کە لێرە هەیە، ئێمە قووڵتر و زیاترمان کرد، بۆیە پێویستە ئێستا نەك هەر لایەنێك بە تەنیا واتا موسڵمان و کریستیان، هەردوولا هەوڵ بدەن ژیانیان بەیەکەوە خۆش و ئاسوودە بکەن، وەك مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکەین، نەك وەك ئەوەی بڵێین من کریستیانم و جەنابت موسڵمان و ئەوی دیکەش ئێزیدی، یان ئەوەش جووە، نەخێر، دەبێ ئەوە بەلاوە بنێین، ئەمەیان لە کەنیسە و مزگەوت ئەو شوێنانە هەیە، چونکە ئێمە مرۆڤین، مرۆڤیش بە پەیوەندی و خۆشەویستی ژیان بەڕێ بکات، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا ئەم کارانە نەکراون، نازانم هۆکار چییە؟ حکومەت هەیە، کەچی ئایین و ئەوانە هەتا ئێستا دوورن.

*** مەبەستت چییە لە چی دوورن؟ ئایا لێرە بەم شێوەیە نییە؟**

- ئێمە دەڵێین پەیوەندیمان باشە، بەڵام دەمانەوێت باشتر بێت، ئێمە ئایین دەخەینە لاوە، بەڵام پەیوەندیمان وەك مرۆڤ باشتر دەکەین، هەموومان لە خۆڵ دروست بووین و هەر بۆ ناو خۆڵیش دەگەڕێینەوە.

*** دەڵێن لێرە بەشداریی پرسەی یەکدی دەکەن، موسڵمانان دێن لە پرسەی ئێوە دادەنیشن، ئێوەش دەچنە مزگەوت، ئەمە تا چەند وایە؟**

- لێرە وایە، هەر پرسەیەکی موسڵمانان هەبێت، ئێمە دەچینە مزگەوت، موسڵمان لێرە زیاترن، تەنانەت نەك هەر مزگەوت، بەڵکو دەچینە ماڵانیش، من چەندین جار سەردانی ماڵانم کردووە بۆ پرسە، دڵنەواییان دەدەینەوە و ئەم پەیوەندییانەشمان بەردەوامن.

*** ئێستا دەبینین لە چوارچێوەی عێراقدا کۆمەڵێك ئایین هەن، لەپاش پرۆسەی ئازادیی عێراق، ئەو پێکەوەژیانەی کە بڕیاربوو بمێنێتەوە بەرەو کاڵی و کرچی چوو، ئێستا دەبینین تاکە شوێن کە بووەتە پەناگەیەکی باش بۆ هەموو ئایینەکان کوردستانە، هۆکارەکەشی ئەو شێوازە بەڕێوەبردنەیە، هەروەها حیکمەتی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی وایە و یەکێکن لەو کەسانەی هەمیشە پاڵنەر و ڕێخۆشکەرن بۆ ئاشتەوایی و پێکەوە ژیان، ئەو تایبەتمەندییەی هەرێمی کوردستان وای کردووە کە هەموو جیهان بە شێوەیەك تەماشای بکات، پێشوازیکردنی کریستیان و سابیئەی مەندائی و پێکهاتەکانی دیکە لە عێراق دوای هێرشەکانی داعش چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- ئەو شتانەی لە کوردستان دەیبینین و هەیە لە

**جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی یەکێکن لەو کەسانەی هەمیشە پاڵنەر و ڕێخۆشکەرن بۆ ئاشتەوایی و پێکەوەژیان**

**زیاتر لە (٢٠٠) خێزانمان لا بوو، حکومەتی عێراق هیچ یارمەتی نەدان، تەنیا جەنابی سەرۆک بارزانی یارمەتییان بۆ دابین کردن**

**ئەگەر ماڵی بارزانی لەسەر حوکم نەمێنن، یەک کریستیان لێرە نامێنێت، بۆیە حکومەتی ماڵی بارزان بۆ ئێمە گەرەنتیی ژیانە**

**پاپا ڕای وابوو هەولێر لە بەغدا و مووسڵ و شارەکانی دیکە ئارام و سەقامگیرترە، بۆیە کوردستانی بۆ قووداسەکەی هەڵبژارد**

**ئەوەی لە پاریگای فرەنسو هەریری بۆ پاپا ساز کرا نموونەیی بوو، نەدەکرا لە بەغدا ئەمەی بۆ بکرێت، لە بری پێشوازی، دوو بۆمبیان بۆ دەهێنا**

**ئێمە وەک کریسیان و ئاشووری پاڵپشتیی هەر میللەتێک دەکەین، کە دەیەوێت سەربەخۆبێت، ئازادیی مرۆڤ لە هەموو شتێک زیاترە**

**ئێستا ٩٥٪ی ئاشوورییەکان لە دەرەوەن و ٥٪یان لە عێراق ماون بە کوردستانیشەوە، ڕەنگە لە بەغدا هەزار کەسیشمان نەبێت**

**ئەوەی لە بەغدا هەیە پێکەوەژیان نییە، بەڵکو پەڕگیرییە، حزبە حوکمڕانەکانیش پەڕگیرن، چ سوننە یان شیعە بن**

هەمـوو ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا نییـە، هەمـووی بـە حیکمـەت و دەسـەڵاتی جەنابـی سـەرۆکە، مـن زۆر جار بـە هەمـووان دەڵێـم ئەگـەر جەنابـی سـەرۆك نەبووایـە یـەك کریسـتیان لـەو ناوچەیـە نەدەمـا، ئـەو دڵـەی کـە جەنابـی سـەرۆك هەیەتـی لای کـەم کـەس هەیـە، جەنابیـان بەزەییـان زۆرە و هاریکاریـی خەڵـك دەکـەن، نازانـم چـۆن زیاتـر وەسـفی بکـەم، دوای ئـەوەی کـە داعشـیش هـات، خۆشـان دەزانـن کـەس لـە کریسـتیانەکان لـە دەشـتی نەینـەوا نەمابـوون، هەموویـان لـە هەرێمـی کوردسـتان بـوون، هەموویـان لەنـاو کەنیسـە و هۆڵـەکان نیشـتەجێ بـوون، کـێ هاریکاریـی ئەوانـی کردبـوو، حکومەتـی عێـراق؟ بەداخـەوە، زیاتـر لـە (٢٠٠) خێزانمـان لا بـوو، حکومەتـی عێـراق هیـچ یارمەتـی نـەدان، تەنیـا جەنابـی سـەرۆك بارزانـی یارمەتییـان بـۆ دابیـن کـردن. ئەمـە بـا بخەینـە لایەکـەوە، چونکـە هـەر پێویسـت نـاکات باسـی بکەیـن، ئێمـە لێـرەدا دەمانەوێـت پێکەوەژیـان بەهێزتـر بکەیـن، مـن دەڵێـم ئەگـەر جەنابـی سـەرۆك نەبووایـە کەسـمان لێـرە نەدەمایـن، ئـەو قسـەیەش لـە مـن وەربگـرە، ئەگـەر ماڵـی بارزانـی لەسـەر حوکـم نەمێنـن، یـەك کریسـتیان لێـرە نامێنێـت، بۆیـە حکومەتـی ماڵـی بـارزان بـۆ ئێمـە گەرەنتیـی ژیانـە.

*** ئەمـە چ پێشـینەیەکی مێژوویـی هەیـە، کـە دەبینیـن لـە بـارزان مزگـەوت و کەنیسـە هەیـە؟**

- مـن خـۆم چوومەتـە ئـەوێ، ئێسـتا ئەگـەر بچیتـە خـودی گونـدی (بـارزان)، دەبینیـن مزگـەوت، کەنیسـە، کەنیسـەی جـوو هەیـە، مـن وێنەکانیشـم لایـە، ئەمەیـە پێکەوەژیـان، مـن لـە سـەرەتادا گوتـم کـە لـە مێـژوودا ئەمـە هەبـووە.

*** بـەڵام کریسـتییانەکان هەمـوو کاتێـك لـە دەوری مـەلا مسـتەفا بـوون، چەندیـن شەهیدیشـتان هەیـە و چەندیـن گوندتـان کاول کـراوە و هـەر حیسـابی کوردسـتانییتان بـۆ کـراوە؟**

- وایـە، شـەهید مەلـەك هۆرمـز و هـی دیکـە، هـەر لەگونـدی ئێمـە باپیـرم و پێنـج کـەس لـە ماڵباتـی ئێمـە شـەهید بـوون، لـە ئەنفـال و لـە چیـا بـوون، خاڵـم پێشـمەرگە بـوو، لەبـەر خاڵـم ماڵـی ئـەوان هەموویـان چوونەتـە دەرێ، پێنـج لەوانـە شـەهید بـوون، لـە گونـدی ئێمـە (٣٧) کـەس ئەنفـال کـراون.

*** جگـە لـەوەی کـە گوتمـان هەرێمـی کوردسـتان بووەتـە پەناگەیەکـی بـاش بـۆ پێکهاتـەکان، ئـەو ڕووداوە بـوو، کـە بریتـی بوولـە هاتنـی جەنابـی پاپـا بـۆ هەولێـر و ئەنجامدانـی قـوداس، ئەمـە چ پەیامێـك دەگەیەنێـت؟ ئایـا ئـەو پەیوەنـدی و پێکەوەژیانـەی لـە هەرێمـی کوردسـتان هەیـە، هـۆکار بـوو بـۆ ئـەوەی پاپـا ئێـرە هەڵبژێرێـت بـۆ ئەنجامدانـی ئـەم قوداسـە؟ بۆچـی لـە بەغـدا نەکـرا، مەبەسـتمان ئـەو جیـاوازی و تایبەتمەندییـە نییـە کـە پارێـزراوە؟**

- بـە ڕاسـتی هاتنـی پاپـا بـۆ ئێمـە زۆر گرنـگ بـوو، ڕێزگرتـن لـە جەنابـی پاپـا زۆر بـەرز و پیـرۆز بـوو، ئـەو ڕێوڕەسـمەی بـۆ ڕێزلێگرتنـی ئەنجـام درابـوو، بـۆ هیـچ سـەرۆك وەزیرانێـك نەکرابـوو، هەروەهـا دەڵێـم ئـەو حکومەتـەی لـە بەغـدا هەیـە، تـا ئێسـتا سـاوایە، واتـا سـەرەتایە، بـەڵام حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان خـاوەن شـارەزاییە و دەزانێـت چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ خەڵـك دەکات، لەبـەر ئـەوە جەنابـی قەداسـەتی پاپـا هاتـە کوردسـتان، چونکـە جیـاوازە لەگـەڵ عێـراق، ئێمـە پێـی دەڵێیـن (دوبـەی عێـراق) ئینشـاڵڵا لـە دوبـەی جوانتریـش دەبێـت، لەبـەر پێکەوەژیـان و ئاوەدانـی و پێشـکەوتن و زۆر شـتی دیکـە، ئەمـە لـە عەقڵانییـەت و ئیـدارەی سـەرکەوتووی حکومەتـی ئێمـەوە هاتـووە، لەبـەر ئـەوە پاپـا ڕای وابـوو هەولێـر لـە بەغـدا و مووسـڵ و شـارەکانی دیکـە ئـارام و سـەقامگیرترە، بۆیـە کوردسـتانی بـۆ قووداسـەکەی هەڵبـژارد. کەسـایەتیی پاپـا ئاسـایی نییـە، قەداسـەتی پاپـا بەرپرسـێتی (١٢٠) دەوڵەتـی هەیـە لـە جیهانـدا، ئەمـەش بەرپرسـیاریەتییەکی زۆر گەورەیـە، ئـەوەی لـە پاریـگای فرەنسـو هەریـری بـۆی سـاز کـرا نموونەیـی بـوو، نەدەکـرا لـە بەغـدا ئەمـەی بـۆ بکرێـت، لـە بـری پێشـوازی، دوو بۆمبیـان بـۆ دەهێنـا.

*** سـەرۆك مسـعود بارزانـی لـە سـاڵی ٢٠١٧ هەنـگاوی هەڵگـرت بـۆ ئـەوەی کوردسـتان سـەربەخۆ بێـت، بـۆ ئـەوەی چوارچێوەیـەك دروسـت بـکات بـۆ پاراسـتنی ئـەم پێکەوەژیانـە، ئێـوە وەکـو کریسـتیانەکان بیروبۆچوونتـان بـۆ ئـەم هەنگاوەی سـەرۆك بارزانـی بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان چـۆن بـوو؟**

- ئێـوە دەزانـن کـە جەنابـی سـەرۆك بارزانـی بچێتـە هـەر شـوێنێك قەشـەیەکی لەگـەڵ بـووە، مـن خـۆم لـە یاریـگای سـۆران بـووم، نەخـۆش بـووم لـە نەخۆشـخانە دەرچـووم و هاتمـە ئـەوێ، ئێمـە وەك کریسـتیان و ئاشـووری پاڵپشـتیی هـەر میللەتێـك دەکەیـن، کـە دەیەوێـت سـەربەخۆبێت، ئازادیـی مـرۆڤ لـە هەمـوو شـتێك زیاتـرە، نابـێ میللـەت بخرێتـە نێـو کارتۆنێکـەوە، واتـا نەهێڵێـت ئـازاد بێـت، پێویسـتە میللەتـان سـەربەخۆ بـن، ئـەوە بـۆ ئێمەیشـە، چونکـە کـە کـورد سـەربەخۆیی وەربگرێـت، ئێمـەش لەگـەڵ ئـەوان بەشـداری حکومـەت دەبیـن، ئێمـەش لێـی سـوودمەند دەبیـن.

*** سـەرۆك دەڵێـت خۆتـان لـە دەسـتووری کوردسـتان مافـی خۆتـان بنووسـن، کـەس ناتوانێـت مافیـان نەنووسـن، بـا پێکهاتـەکان خۆیـان بنووسـن، وا نییـە؟**

- بەڵێ وایە ئێمەش بە ناوی کەنیسە پێمان خۆشە کوردستان سەربەخۆ بێت و هەروەك گوتم هەر میللەتێك داوای سەربەخۆیی بکات، ئێمە پشتگیریی دەکەین، کوردستانیش یەکێکە لەوان.

*** کەواتە هەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان پێویستە، چونکە پێکهاتەکان هەم ژیانیان ئاسوودە دەبێت و هەمیش پەرستنەکانیان توندو تۆڵتر دەکەن، ئێوە وەك ئەو هەموو دامەزراوانەی لە دەرەوە هەتانە چۆن دەتوانن کارئاسانی بکەن بۆ ئەو خواستانەی کورد هەیانە، بۆ بەدەستهێنانیان، واتا ڕۆڵی ئێوە لەگەڵ ئەو مەرجەعییات و ڕێکخراوانەو دامەزراوانەی لە دەوڵەتان هەتانە، پاڵپشت و هاندەر دەبن بۆ سەرخستنی ئەو پرۆژەیەی کە کوردستانیش مافی خۆیەتی سەربەخۆ بێت؟**

- ئێستا ٩٥٪ی ئاشوورییەکان لە دەرەوەن و ٥٪یان لە عێراق ماون بە کوردستانیشەوە، ڕەنگە لە بەغدا هەزار کەسیشمان نەبێت، ئێمە پەیوەندیی باشمان لەگەڵ ئەوانی دەرەوە هەیە، یاسا و کەنیسەمان یەك شتە، هەر شتێکی باش لێرە هەبێت بە دڵنیاییەوە پاڵپشتیمان دەکەن، هەر شتێکمان بوێت پەیوەندییان پێوە دەکەین تا یارمەتیمان بدەن، ئەگەر هاریکاریی ئەوان نەبێت، من ناتوانم ئیشی خۆم بە باشی بەڕێوە ببەم، کاتێکیش جەنابی سەرۆك دەستی کرد بە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان ئاشوورییەکان هەموویان پشتگیرییان کرد، پێش ئەم پرۆسەیە کۆبوونەوەیەك هەبوو بە ئامادەبوونی مەترانەکان و قەشەکان و موختارەکان، هەموومان پاڵپشتیی جەنابی سەرۆکمان کرد.

*** لە کۆمەڵگەی کوردستانی پێکەوەژیان و لێبووردەیی بووەتە مایەی هێز، بەڵام لە کۆمەڵگای عێراقی بووەتە مایەی بێهێزی، ئەم جیاوازییەی نێوان کوردستان و عێراق چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- ئەوەی لە بەغدا هەیە پێکەوەژیان نییە، بەڵکو پەرگیرییە، حزبە حوکمڕانەکانیش پەڕگیرن، چ سوننە یان شیعە بن، عێراق پێشتر وا نەبوو، بەڵکو دەوڵەتێکی عەلمانی بوو، چونکە ئەو حزبە ئیسلامییانەی هاتوون هەوڵ نادەن پێکەوەژیان بۆ میللەت دابین بکەن، سوننە و شیعە کە هەردووکیان موسڵمانن، بەڵام یەکدی دەکوژن و تەقینەوە ئەنجام دەدەن، دیارە تائێستا ئەوان ناتوانن بە ئاشتی پێکەوە بژین، بەڵام لە کوردستان زۆر جیاوازە، هەروەکو گوتم ئەوە لە مێژوودا هەبووەو هەیە، جارێك چوومە بارزان لەوێ پیاوێکی گەورەم دی، گوتی: مام قەشە دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم. گوتم: فەرموو بڵێ، گوتی: جارێك لەگەڵ شێخ ئەحمەد لە دیوەخان دانیشتبووین، قەشەیەك هات گوتی ئێستا قاچاخچی هەموو شتێکیان لێ بردین و هیچیان بۆ نەهێشتینەوە، شێخ ئەحمەدیش گوتی: هەر ئێستا با پێشمەرگە بچن هەتا نەیانبیننەوە نەگەڕێنەوە، هەموو شتەکانیان هێنایەوە، گوتی: ئەوەی دژی ئێوە بێت، دژی منە، ئەوەی دەستدرێژی بکاتە سەر ئێوە واتا دەستدرێژی دەکاتە سەر من، مەلا مستەفا بارزانی هەمان هەڵوێست و بیروبۆچوونی هەبوو، جەنابی سەرۆك بارزانی-یش بە هەمان شێوە، یەك قوتابخانەیە کە جەنابی سەرۆك پاڵپشتی لە کریستیانەکان، لە ئێزیدی و لە هەموو پێکهاتەکان دەکات و لەمەدا جیاوازی ناکات.



**قەشە یترۆن یۆنان داود**

- قەشەی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووریی دیانا
- لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٤
- قەشەی دیانا و هاودیان و بێدیال
- خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری (دیانا)، بەڵام ئێستا دەرناچێت.

*** دەمانەوێت دواپرسیار ئەوە بێت کە چیتان ماوە بیڵێن تایبەت بە فەلسەفەی لێبووردەیی و پێکەوەژیان؟**

- پێویستە هەوڵی زیاتر بدەین بۆ پەرەپێدانی فەلسەفەی لێبووردەیی و پێکەوەژیان لە کوردستان، من دەڵێم سێ شتە، یەکەم مێژووە، دووەم حکومەتە، سێیەم ئەوەیە کە من و تۆ جیاوازیمان نەبێت، بەداخەوە هەست دەکەین جیاوازی هەیە، بۆ نموونە ئێستا لە فەرمانگە حکوومییەکان، لە دامەزراندن و ئەم شتانە جیاوازی هەیە، دەبێت حکومەت هەوڵ بدات، مافی منی کریستیان لەگەڵ مافی تۆی موسڵمان، مافی منی ئاشووری و مافی تۆی کورد هیچ جیا نەبێت، ماف بۆ هەموو مرۆڤێك بێت، لە هەر ڕوویەکەوە بێت، بۆیە دەبێ هەموو جارێك هەوڵ بدەین کە مەرجەعییەتی ئێمە و حکومەت و مەرجەعییەتی ئیسلام کە پێکەوەژیانە بە شێوەیەکی جوانتر پیادە بکەین.

**سوننە و شیعە کە هەردووکیان موسڵمانن، بەڵام یەکدی دەکوژن و تەقینەوە ئەنجام دەدەن، دیارە تائێستا ئەوان ناتوانن بە ئاشتی پێکەوە بژین**

**دەبێ هەموو جارێك هەوڵ بدەین کە مەرجەعییەتی ئێمە و حکومەت و مەرجەعییەتی ئیسلام کە پێکەوەژیانە بە شێوەیەکی جوانتر پیادە بکەین**



ئاوات زەردەشتی

نوێنەری زەردەشتیانی کوردستان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بۆ گوڵان:

# بۆ پتەوکردنی دەوڵەتێکی دامەزراوەیی و یاسایی باشترە ئایین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە

**هەرێمی کوردستان پێشەنگە لە ئەزموونی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەموو ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا**

# ئایین پەروەردەکردنی مرۆڤە، بۆ چاکە و خوداناسی و بنەماکانی پێکەوەژیان و بۆ خۆشەویستی و لێبووردەیی و ئاشتی دامەزراوە

**ئاوات حوسامەدین تەیب کە بە ئاوات زەردەشتی ناسراوە و نوێنەری زەردەشتیانی کوردستانە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ گۆڤاری گوڵاندا، وەڵامی چەندین پرسیاری دایەوە کە پەیوەست بوون بە پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان و بۆچوونی زەردەشتییەکان لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان، جەختیش لەوەدەکاتەوە کە ئەو ئامانجە ئیستراتیژییە بە سیاسەت و پلانی گونجاوی گەلی کوردستان دێتەدی، هەروەها یەکڕیزی و تەبایی هێزە سیاسییەکانی کوردستان فاکتەری زامنی گەیشتنە بەوئامانجە، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

*** ژمارەی زەردەشتییەکان لە کوردستان نزیکەی چەند دەبێت و چڕیی نیشتەجێبوونیان لە هەرێمی کوردستان زیاتر لەکوێیە؟**

- ژمارەی زەردەشتییەکان پانزە هەزار کەس دەبن، کە بە فۆڕم تۆمار کرابن، کە لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك و شارۆچکەکانی کۆیە و کەلار و هەڵەبجە و دەربەندیخان، هەروەها لە بەغدا و شوێنی دیکەش نیشتەجێن.

*** زەردەشتییەکان چۆن دەڕواننە بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئەو یاسایانەی تایبەتن بەمافی پێکهاتەکان؟**

- زەردەشتییەکان سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ هەموو ئەو یاسایانەی کە مافی پێکهاتەکان لە کوردستان دەستەبەر دەکات، بە ڕاستی لەم بارەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێشخەر و بێ وێنەیە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. بۆیە لەبەر ئەو ئازادییەی لە کوردستان هەیە، زۆر لە ئایینەکان لە خوارووی عێراق، وەك کریستیان و سابیئەی مەندائی و بەهائییەکان ڕوویان کردووەتە کوردستان، کە لە کەش و بارودۆخێکی ئازادانە ڕێوڕەسمی ئایینیی خۆیان بەبێ ترس جێبەجێ دەکەن، بەتایبەتی یاسای ژمارە پێنجی ساڵی ٢٠١٥ کە بە یاسای ئازادیی ئایینی و بیروباوەڕ ناسراوە، یاسایەکی گرنگ و کەم وێنەیە لە ناوچەکەدا، زەردەشتیانی کوردستان ئەم یاسایە بە یاسایەکی گرنگ دەزانن، چونکە دوای ١٤٠٠ ساڵ بۆ یەکەم جار لە کوردستان، بەم یاسایە زەردەشتییەکان بە فەرمی و بە یاسا وەك ئایینێکی کۆنی کوردی یەکتاپەرستی ناسێنراون، هەر بۆیە زەردەشتییەکان ئەم یاسایە بەتایبەتی و هەموو یاساکانی مافی مرۆڤ کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرچوون، بەرز دەنرخێنن.

بەڵام یاسای ژمارە پێنج پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، بۆ ئەوەی بە کردار ئەم یاسایە جێبەجێ بکرێت، لە ڕووی بەرجەستەکردنی بڕگەکانی لە بەخشینی ئاسانکاری و پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی لە ئەرزی واقع، یەکەم ناساندنی ئەم یاسایە بە هەموو دەزگانی حکومەت پەیوەندیدار بە جێبەجێکردنی، چونکە تا ئێستا ئەم یاسایە لە لایەن زۆربەی کارمەندان لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ناسراو نییە، بۆ ئەوەی بڕگەکانی جێبەجێ بکەن، هەروەها تا ئێستا هەموو چالاکییەکانمان کە بەشداریمان تێدا کردووە، خۆبەخش بوون، بۆیە وەزارەتی ئەوقاف ئەو چالاکییانەی کە دەیکات بۆ پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستان و داوادەکات کە نوێنەری ئایینەکان بەشداری بکەن، باشترە کە تێچوویی ئەم چالاکییانە بگرێتە ئەستۆ.

لە هەمان کات پێویستە وەزارەتی ئەوقاف

**ژمارەی زەردەشتییەکان پانزە هەزار کەس دەبن، کە بە فۆڕم تۆمار کرابن، کە لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و شاروچکەکانی کۆیە و کەلار و هەڵەبجە و دەربەندیخان، هەروەها لە بەغدا و شوێنی دیکەش نیشتەجێن**

**زەردەشتییەکان سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ هەموو ئەو یاسایانەی کە مافی پێکهاتەکان لە کوردستان دەستەبەر دەکات**

**لەبەر ئەو ئازادییەی لە کوردستان هەیە، زۆر لە ئایینەکان لە خوارووی عێراق، وەک کریستیان و سابیئەی مەندائی و بەهائییەکان ڕوویان کردووەتە کوردستان**

**پێویستە وەزارەتی ئەوقاف کارئاسانی بکات بۆ ئایینەکانی کەمینە سەبارەت بە داواکاریەکانیان بە ئەندازەی قەبارە و ژمارەی پەیڕەوانیان لە کۆمەڵگەی کوردستان**

**بە هەوڵدانی فراکسیۆنەکانی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق و بە ڕێککەوتن لەگەڵ فراکسیۆنەکانی دیکەی پەرلەمانی عێراق، دەتوانن زەمینە خۆش بکەن، بۆ دەرکردنی یاسای زیاتر بۆ فراوانکردنی ئازادیی ئایینی لە دەستووری عێراق**

کارئاسانی بکات بۆ پێکهاتە ئایینەکان سەبارەت بە داواکاریەکانیان بە ئەندازەی قەبارە و ژمارەی پەیڕەوانیان لە کۆمەڵگەی کوردستان.

*** یاساکانی پەرلەمان و هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم لە پەرەپێدانی پێکەوەژیانی ئایینی و دەستەبەرکردنی مافی پێکهاتەکان چۆن دەبینیت؟**

- یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی پێکەوەژیانی ئایینی بەرز دەنرخێنین، بەڵام ئەم یاسایانە تەنیا پێکەوەژیانی لە دەستەبژێری ئایینی و دەستەبژێری کارمەندانی حکومەت بەرجەستە کردووە، دانەبەزیوە بۆ خوارەوەی تاکی پەیڕەوانی ئایینی زۆرینەی موسڵمان، چ لە شەقام و چ لە پیاوانی ئایینی، بۆ نموونە مەلایەکی سەلەفی لە مانگی ئابیساڵی ٢٠٢٠ لە سایتی خۆی بە ڤیدیو بڵاوی کردەوە و بە ئاشکرا دەڵێت: (ئایینی زەردەشتی و زەردەشتییەکان کافر و ئاگرپەرستن و هاوسەرگیریی مەحارم دەکەن)، لەسەر ئەوە نوێنەری زەردەشتیان بە نووسراو ئەو پێشێلکارییەی کە دژی یاسای ژمارە پێنجی ٢٠١٥ ی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لە هەمان کاتدا دژی پرۆسەی پێکەوە ژیانە لە کوردستان، بەرزکردەوە، هەرچەندە ئەمە ئەرکی وەزارەتی ئەوقافە بەدواداچوونی بۆ بکات، بەڵام بەداخەوە ئەم مەلا ناوبراوە لە جیاتی ئەوەی کە لێپرسینەوەی یاسایی لێ بکرێت، ئەو سکاڵای لەسەر خاتوو ئاوات حوسامەدین تۆمار کردووە و بە هۆی وەزارەتی ئەوقاف ئاگاداریان کردووەتەوە، کە لە بنکەی پۆلیسی خەبات لە هەولێر ئامادە بێت، ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە کەموکوڕی هەیە لە جێبەجێکردنی یاساکانی دەستەبەرکردنی مافەکانی پێکهاتەکانی ئایینی لە کوردستان، کە ئەوەش دەبێتە هۆی پێشێلکردنی پرۆسەی پێکەوەژیان لە کوردستاندا، بۆیە داواکارین کە بەشی یاسایی لە وەزارەتی ئەوقاف زیاتر بە تەنگی ڕێگەگرتن لەم جۆرە پێشێلکارییانەوە بێت.

*** تێڕوانینی زەردەشتییەکان بۆ مافی سەربەخۆیی کوردستان و ئایندەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان چۆنە؟**

- لە لای زەردەشتییەکان پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و خاك و گەل و نیشتمانی کوردستان وەك ئەرکێکی ئایینی دەبینن و سەربەخۆیی کوردستان بە چارەنووس دەزانن، زوو یا درەنگ، بەڵام زەردەشتییەکان لەو بڕوایەدان کە ئەم ئامانجە ئیستراتیژییە بە سیاسەت و پلانی گونجاوی گەلی کوردستان دێتەدی، هەروەها یەکڕیزی و تەبایی هێزە سیاسییەکانی کوردستان فاکتەری زامنی گەیشتن بەم ئامانجەیە و مافێکی ڕەوای مێژوویی گەلی کوردستانە.

*** ئەزموونی پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستان لەناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەچ پێگەیەکدایە؟ چۆن گشتاندن بۆ ئەم ئەزموونە بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق بکەین؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت، هەرێمی کوردستان پێشەنگە لە ئەزموونی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەموو ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بێ وێنەیە، سەبارەت بە چۆنیەتی گشتاندنی ئەم ئەزموونە بۆ ناوچەکانی عێراق، دوو ڕێگا هەیە، کە زەمینە خۆش دەکات بۆ گواستنەوەی ئەم ئەزموونە بۆ عێراق، یەکەم بە هەوڵدانی فراکسیۆنەکانی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق و بە ڕێککەوتن لەگەڵ فراکسیۆنەکانی دیکەی پەرلەمانی عێراق، دەتوانن زەمینە خۆش بکەن، بۆ دەرکردنی یاسای زیاتر بۆ فراوانکردنی ئازادیی ئایینی لە دەستووری عێراق، دووەم ڕێگا کە تەواوکەری هەوڵەکانی فراکسیۆنەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت، ئەویش هاندان و هاوکاریی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان، بە هاوکاریی ڕێکخراوەکانی مەدەنی عێراق، زەمینەسازی بکەن بۆ دەرکردنی یاسای فراوانکردنی ئازادیی ئایینی، بە هەمان شێوەی یاسای ژمارە پێنجی ساڵی ٢٠١٥ی هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکرێت بۆ گشتاندنی ئەزموونی پێکەوە ژیان لە سەرتاسەری عێراق.

*** زەردەشتییەکان دەیانەوێت دەستووری چاوەڕوانکراوی هەرێمی کوردستان چۆن بێت؟**

- زەردەشتییەکان ڕێز لە هەموو ئایینەکان دەگرن و ددانی تەواو بە ئایینی ئیسلامدا دەنێن، هەروەها ڕێز لە پیرۆزییەکانی هەموو ئایینەکان دەگرن، بەڵام زەردەشتییەکان بۆ پتەوکردنی دەوڵەت کە ببێتە دەوڵەتی دامەزراوەیی و یاسایی، کە بە یەکسانی مافی هەموو پێکهاتەکان دەستەبەر بکات و بپارێزێت، باشترە ئایین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە، چونکە زەردەشتی پەیامبەر بەر لە ٣٧٦٠ ساڵ لەمەوبەر لە سروودەکانی ئاهورایی کە

لە سرووشی واتە (وەحی) خودای تاك و تەنیای (ئاهورا مەزدا)، واتە دانای مەزنی بوونبەخش بۆ عەقڵی ڕۆشەنگەریی زەردەشتی پەیامبەردا هاتووە (نابێ بە هیچ جۆرێك ئایین تێکەڵی دەسەڵاتی حوکمڕانی بێت، چونکە هەردووکیان گەندەڵ دەبن).

*** مێژووی زەردەشتییەکان چ پەیامێکی بۆ ئێستای خەڵکی کوردستان دەبێت؟**

- پەیامی مێژووی زەردەشتییان، لە ئایینی زەردەشتیدا، ئایین پەروەردەکردنی مرۆڤە بۆ چاکە و خوداناسی و بنەماکانی و پێکەوەژیان و خۆشەویستی و لێبووردەیی ئاشتی دامەزراوە، لەسەر بنەمای سێ چەمکی ئەخلاقی (بیری چاك و گوتاری چاك و کرداری چاك)، کە بە داهێنانی ئەم چەمکانە لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی و لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە و لەگەڵ سرووشت و ژینگە، مرۆڤێکی ئاشتیخواز و بەختەوەر و خێزانێکی ئاسوودە و بەختەوەر و کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخوازی پێشکەوتوو، دەوڵەت و شارستانیەتێکی ئاشتیخوازی پێشکەوتوو و خوداناس. پەیامەکەشی ئەوەیە کە نابێ ئایین و دەسەڵات تێکەڵ بکرێن، کە هەر وەك زەردەشت پەیامبەر باسی کردووە، بەڵام لە دوای زەردەشت، بە هۆی لادانی پیاوانی ئایینی زەردەشتی، ئایینی زەردەشتی بۆ ماوەی ١٤٠٠ ساڵ خەفە کرا، ئەوەش بە هۆی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی کە ٧٠٠ ساڵ پڕ لە ئەزموون دەوڵەت و شارستانیەتییەکی پێشکەوتوو، دووچاری ڕووخان بوو، ئەوەش بە هۆی تێکەڵکردنی ئایین و دەوڵەت، بە هۆی پیاوانی ئایینیی زەردەشتی، کە ئایینیان بەکارهێنا بۆ چەوسانەوە و خۆدەوڵەمەندکردن لەسەر حیسابی خەڵك، ئەوە بوو دەسەڵات و ئایین گەندەڵ کران و میللەت لە کاتی تەنگانەدا بەرگری لە خاك و نیشتمانەکەی نەکرد، چونکە گەندەڵکاران دیوارێکی ئەستووریان دروست کردبوو لە بەینی خۆیان و میللەتدا، بۆیە پەیامی مێژووی زەردەشتیان، ئەوەیە کە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت مەرجی بنەڕەتیی دەستەبەرکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و هەموو پێکهاتەکانە، وەك دەڵێن ئایین بۆ خودا و نیشتمان بۆ هەمووان بە یەکسانی.



**ئاوات حوسامەدین تەیب..**
**ناسراو بە کچی شەعبیی کۆیە .**

- زمانی کوردی و عەرەبی و هوڵەندی و ئینگلیزی دەزانێت.
- مامۆستای ئینگلیزییە لە شاری سلێمانی.
- لە ڕێکخراوەکانی خزمەتگوزاریی دەرەکی لە بەغداو چەندین ڕێکخراوی تایبەت بە چالاکیی ئافرەتان لە وڵاتی هۆڵەندا بەشداری کردووە و بەردەوامە.
- سکرتێری گشتیی کۆمپانیای ئیستیلی بەریتانییە لە لەندەن.
- خاوەنی کتێبخانەی میدە لە سلێمانی و یەکەم ئافرەتە لە کوردستان کتێبخانە بکاتەوە.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی یاسنە بۆ گەشەی فەلسەفەی ئایینی زەردەشتی .
- نوێنەری زەردشتیانی کوردستان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- ئەندامی کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی نەتەوە ڕەسەنەکان ئەمریکا- کالیفۆرنیا.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری سەنتەری کۆمەڵایەتی کۆییانی شاری سلێمانی و دەستەی باڵای بزاڤی ئاشتیی ناوخۆ ودەستەی دامەزرێنەری تۆڕی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانە لە کوردستان.
- ئەندامی ڕێکخراوی پاوسی کوردستانە بۆ ئاژەڵدۆستی لەگەڵ ماریانا ستیڤن هود.



**هیوا قەرەنی**

سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین بۆ گوڵان :

# چەندین پرۆژە چوونەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، بەڵام فراوانبوونی خێرای دەڤەرەکە وا دەخوازێت گرنگیی زیاتر بە ڕاپەڕین بدرێت

**تایبەتمەندێتی دەڤەری ڕاپەڕین لە ڕووی جوگرافی و مێژوویی و سرووشتییەوە وای کردووە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو ئیدارەیەکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ بکات، بەڵام فراوانبوونی خێرای دەڤەرەکە ئەوە دەخوازێت ئاوڕێکی جدیتری لێ بدرێتەوە، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا لەگەڵ هیوا قەرەنی سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین چەند پرس و بابەتێکی گرنگی پەیوەست بەم دەڤەرە تاوتوێ کرد. دەقی ئەو گفتوگۆیە لێرەدا بڵاو دەکەینەوە.**

*** دەڤەری ڕاپەڕین گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بەوەی چەندین قەزا و ناحیە لەخۆ دەگرێت و لە فراوانبوونێکی گەورەدایە، ئایا لە ڕووی ئیدارەوە تاچەند ئەم دەڤەرە جێگای گرنگی و بایەخ بووە؟**

- دەڤەری ڕاپەڕین دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و هاوسنوورە لەگەڵ قەزای سەردەشت لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و لەدیوی هەرێمی کوردستانیشەوە هاوسنوورە لەگەڵ هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی. ژمارەی دانیشتووانی دەڤەری ڕاپەڕین ٤٥٠ هەزار کەسە و هەردوو قەزای ڕانیە و پشدەر دەگرێتەوە و چوار ناحیە دەکەوێتە سنووری ڕانیە و ٥ ناحیەش لە سنووری قەزای پشدەرە. سنوورەکە جگە لەوەی لە ڕووی مێژووییەوە دانیشتووانەکەی بەشدارییەکی بەرچاویان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان هەبووە، لەمەشدا زۆربەی گوند و قەزا و ناحیەکانی وێران کراون. لە دوای ڕاپەڕین دەڤەرەکە ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە بۆ ئابووریی هەرێمی کوردستان لە ڕووی خەسڵەتی جوگرافی و بەپیتیی خاك و بوونی سەرچاوەی گرنگی سرووشتی و کشتوکاڵی و کانزایی و هاوسنووری لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران . هەر لەبەر گرنگیی ئەم دەڤەرە بووە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢ وە ڕاپەڕینی کرد بە ئیدارەیەکی سەربەخۆ و لە ئێستادا هەنگاو بەرەو بووژانەوە و ئاوەدانکردنەوەی دەڤەرەکە دەنرێت و، هەنگاو بەرەو دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆژەکان دەنێین.

*** قەیرانی دارایی و شەڕی داعش و دواتر کۆرۆنا زیانی بە ڕەوڕەوەی گەشەکردن و بووژانەوەی سێکتەرە جیاجیاکان گەیاندووە، لە ئێستادا گرنگترینی ئەو گرفت و کێشانەی دێتە بەردەمتان لەچ بوارێکدایە؟**

- بەردەوام ئێمە وەکو یەکەیەکی ئیدارەی سەربەخۆ لەسەرجەم بوارەکانی وەکو پەروەردە و تەندروستی و ڕێگاوبان و خزمەتگوزارییەکانی کارەبا و ئاوی خواردنەوە پێویستیمان بە پرۆژە و کاری نوێ هەیە، ئێمە بەردەوام لەمیانەی سەردان و گفتوگۆو کۆبوونەوەکانماندا لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندارەکان باس لەم کێشەو گرفتانەو دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەرانە دەکەین، بە خۆشحاڵییەوە ئومێدی جێبەجێکردنی ژمارەیەك پرۆژەی گرنگ هەیە، من پێم وایە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پلان و بەرنامەکانیدا زیاتر لە شارە گەورەکان دەربچێت و ڕوو لەم دەڤەرانە بکات، بۆ ئەوەی لۆدیش لەسەر ئەو شارە گەورانە کەم بێتەوە.

**پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پلان و بەرنامەکانیدا زیاتر لەشارە گەورەکان دەربچێت و ڕوو لەم دەڤەرانە بکات، بۆ ئەوەی لۆدیش لەسەر ئەو شارە گەورانە کەم بێتەوە**

*** ڕاپەڕین ناوچەیەکی کشتوکاڵییە و دەکرێت کشتوکاڵ لەم ناوچەیەدا بکرێتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات و، هەلی کارێکی باش بۆ گەنجەکان دابین بکرێت، ئایا لەم ڕووەوە چ بەرنامەو هەنگاوێکتان لەبەردەمدایە؟**

- لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، گرنگییەکی زۆر بە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیی کشتوکاڵی بدرێت، ئەمەش لە چوارچێوەی سیاسەتێکی ئابوورییانەوە دێت کە سەرچاوەکانی داهات هەمەجۆرکردنێتی و گرنگی بە کەرتەکانی (کشتوکاڵ و پیشەسازیی و گەشتیاری) بدرێت، هەڵبەتە لە ماوەی ڕابردوودا بەردی بناغەی پرۆژەیەکی گرنگی کارگەی شەکر دانرا و بڕیارە لەگەڵ تەواوبوونی کارگەکە گرنگی بە چاندنی چەوەندەری شەکر بدرێت، پرۆژەکە لە

سەرەتای کارکردنیدایە و لەگەڵ تەواوبوونی بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەروبوومەکانی چەوەندەری شەکر و دۆزینەوەی هەلی کار گرنگیی خۆی دەبێت.

*** باسی کەرتی گەشتوگوزارت کرد؛ دەڤەری ڕاپەڕین ناوچەیەکی دڵڕفێن و خۆشە، بەتایبەتی ناوچە کوێستانەکانی ئایا لەم ڕووەوە چ پڕۆژە و کارێك لەم دەڤەرەدا بەڕێوەیە؟**

- سرووشتی ڕاپەڕین ناوچەیەکی دڵڕفێن و جوان و گەشتیارییە و لە ناوچە کوێستانییەکان زۆر نزیکە، لە هاویناندا بە کاتێکی زۆر کەم لە ناوچەیەکی گەرمەوە دەچیتە ناوچەیەکی زۆر سارد و دڵڕفێن، شەڕەکانی ڕابردوو زیانێکی زۆریان بە ژێرخانی کەرتی گەشتیاری لە ناوچەکەمان گەیاندووە، لە ٢٠١٣ کۆمەڵێك پڕۆژەی خزمەتگوزاریی گەشتیاریمان لەبەردەستدا بوو، لەبەر شەڕی داعش و قەیرانی دارایی نەتوانرا ئەو پڕۆژانە تەواو بکرێن و خزمەتگوزاریی بگەیەنینە ناوچە گەشتیارییەکانمان، ئێمە لەئێستادا ئامادەین هەموو هاوکاری و پشتگیرییەکی کەرتی تایبەت بکەین، بۆ ئەوەی بێتە دەڤەرەکە و پڕۆژەی گەشتیاری لە ڕاپەڕین ئەنجام بدەن، داواش لە دەستەی وەبەرهێنان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی گەشتیاری دەکەین، ئاوڕێك لە پڕۆژە گەشتیارییەکان لەم ناوچەیەدا بدەنەوە و ئێمەش هاوکار و پاڵپشتیان دەبین.

*** لە بواری پڕۆژەکانی خزمەتگوزاریدا کە لە ڕیزبەندی پێشەوەی کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دێت، سێکتەری کارەبا پێداویستییەکی سەرەکیتانە، ئایا لەم ڕووەوە لەگەڵ وەزارەتی کارەبا قسە و باستان کردووە؟**

- وەکو ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین و دابینکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەبا و شارەوانی لە ڕیزبەندی پێشەوەی بەرنامە و ئەرکەمانمان دێت، لەم ماوەیەدا کۆبوونەوەیەکی فراوانمان لەگەڵ بەڕێز وەزیری کارەبا و ستافەکەی ئەنجام دا و بە تێروتەسەلی باسی پڕۆژە و کارەکانی وەزارەتی کارەبامان کرد لەم دەڤەرەدا، بە سوپاسەوە وەزیری کارەبا زۆربەی هەرە زۆری بەڵێنەکانی لەو ماوە کورتەدا جێبەجێ کرد، لە ئێستاشدا چەند پڕۆژەیەکی ستراتیژی و گەورە لە دەڤەرەکەمان کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە لەوانە: *ڕاکێشانی هێڵێکی ١٣٢ کەی ڤی پاڵەپەستۆی بەرز بە درێژایی ١٠٥ کیلۆمەتر لە بازیانەوە بۆ ڕانیە، کە پڕۆژەیەکی گرنگی ستراتیژیی و گەورەی کارەبایە بۆ تەواوی دەڤەرەکە و تەنانەت پڕۆژەیەکی ستراتیژییە بۆ ژێرخانی کارەبای هەموو هەرێمی کوردستان، کە جگە لە ڕاپەڕین لە ئایندەدا بۆ سۆران و هەولێر و لینێکیش دەبێت بۆ بەستنەوەی تۆڕی کارەبای هەرێم لەنێوان ڕاپەڕین و هەولێر و پارێزگای دهۆك، بە تەواوبوونی ئەم پڕۆژەیە سنووری ڕاپەڕین تاکو ١٥-٢٠ ساڵی دیکە گرفتی گەیاندنی کارەبا و کەمی ڤۆڵتی نییە و بە زۆری چارەسەر دەبن.

- ■ دەستپێکردنی پڕۆژەی پێوەری زیرەك.
- ■ ئامادەکاریی بۆ دەستپێکردنی وێستگەیەکی ٥٠ مێگاواتی بەرهەمهێنانی کارەبا لە قەڵادزێ.
- ■ دابینکردنی ملیارێك و ٨٧٥ ملیۆن دینار لەسەر داهاتی کارەبا بۆ جێبەجێکردنی ١٣ پڕۆژەی دابەشکردنی کارەبا بۆ ڕاکێشانی فیدەری کارەبا بۆ چەند گوند و چارەسەرکردنی بارزۆری بۆ چەند گەڕەکێك لە تەواوی سنووری دەڤەری ڕاپەڕین .

هەروەها داوامان کردووە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی کارەبا لەم سنوورە دابنرێت، بە خۆشحاڵییەوە وەزارەتی کارەبا لە دواهەمین هەموارکردنەوەی یاسای وەزارەت، ئەم داواکارییەی ئێمەی داناوە و ڕێگای بەوە داوە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارەبا لە ئیدارە سەربەخۆکان بکرێنەوە، هەروەها داوای دامەزراندنی وێستگەیەکی کارەبای مۆبایلمان بۆ (حاجیاوا)ش کردووە، کە گرفتی گەورەی کارەبای مۆبایلیش لەو سنوورە چارەسەر دەکات.

*** لە میانەی سەردانێکماندا بۆ دەڤەری ڕاپەڕین، یەکەیەکی نیشتەجێبوونی زۆرمان لە شاری ڕانیە بینی کە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون سەرقاڵی جێبەجێکردنی بوون، ئایا لە بواری پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لەکەرتی نیشتەجێبوون چی کراوە؟**

- لە ڕانیە و ڕاپەڕین بەگشتی پڕۆژەکانی

**سیاسەتێکی ئابوورییانەوە دێت کە سەرچاوەکانی داهات هەمەجۆرکردنێتی و گرنگی بە کەرتەکانی (کشتوکاڵ و پیشەسازیی و گەشتیاری) بدرێت**

**لە ماوەی ڕابردوودا بەردی بناغەی پڕۆژەیەکی گرنگی کارگەی شەکر دانرا و بڕیارە لەگەڵ تەواوبوونی کارگەکە گرنگی بە چاندنی چەوەندەری شەکر بدرێت**

**شەڕەکانی ڕابردوو زیانێکی زۆری بە ژێرخانی کەرتی گەشتیاری لە ناوچەکەمان گەیاندووە، لە ٢٠١٣ کۆمەڵێک پڕۆژەی خزمەتگوزاریی گەشتیاریمان لەبەردەستدا بوو، لەبەر شەڕی داعش و قەیرانی دارایی نەتوانرا ئەو پڕۆژانە تەواو بکرێن**

نیشتەجێبوون لە فراوانی بەردەوام و گەورەدان، زۆر لەو پرۆژانەی بە هۆی قەیرانی داراییەوە ڕاگیرابوون، ئێستا دەستیان بە جێبەجێکردن کردووە و ئەمەش لەلایەك دڵخۆشکەرەو لەلایەکی دیکەوە پێویستی بە ڕاکێشانی کارەبا و ئاو و ئاوەڕۆ و شەقام و ڕێگاوبان هەیە. لەساڵی ١٩٨٩ زۆربەی هەرە زۆری ئەو گوند و شار و شارۆچکانەی کەوتبوونە دەڤەری ڕاپەڕین، وێران و خاپوور کرابوون بە ژێرخانەکەشیانەوە، بە ڕاددەیەك تەنیا شاری ڕانیە و چەند گوندێکی دەوروبەر و ناحیەی چوارقوڕنە و حاجیاوا وەکو ئۆردوگایەك مابوون. ئاوەدانکردنەوەی تەواوی ئەم ناوچەیە کارێکی هەروا ئاسان نەبوو، ئەویشبەم بەو توانا داراییە کەمە، هەروەها ڕانیە پێش ڕاپەڕین تا ٢٠٠٣ تەنیا ١١ گەڕەك بووە، لە ئێستادا بووەتە ٥٠ گەڕەك و لە هەوڵی بەردەوامداین بۆ ئەوەی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان گرنگیی زیاتر بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو گەڕەکانە بدەین و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکەین لەبواری ئاو و کارەبا و ڕێگاوبان و شارەوانی و ئاوەڕۆ بینایەی خوێندنگە و بنکەی تەندروستی. منیش لەگەڵ ئەوەدام کە هەموو ئەم پرۆژانە بەپێی خواست و ویستی ئێمە نییە و بەردەوام قەیران و ئاستەنگی گەورە بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەبێت لە دەرەوەی ئیرادەی خۆی، وەك قەیرانی دارایی و شەڕی داعش و پەتای کۆرۆنا و لە ئێستاشدا وشکەساڵی هەمووی کۆمەڵێك گرفت و ئاستەنگی مەترسیدارن و لە هەوڵی ڕووبەڕووبوونەوەیدا بووین. بەشێوەیەکی گشتی دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بۆ بە ئیدارەکردنی سەربەخۆی دەڤەری زاخۆ و سۆران و ئومێدەوارم حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوڕێکی جدیتریش لەم ئیدارە سەربەخۆیانە بداتەوە و پرۆژە و کاری زیاتری خزمەتگوزاریی جێبەجێ بکات، بۆ ئەوەی کۆچی گوند بۆ ناحیە و قەزاو شارەکان ڕاگرین و لۆدی زیاتریش لەسەر شارە گەورەکان دروست نەبێت.

*** باسی ئاوی خواردنەوەت کرد؛ هەمووان دەزانن وشکەساڵی گرفتی گەورەی بۆ سەرجەم هەرێمی کوردستان و عێراق و تەنانەت زۆر وڵاتانی دنیا دروست کردووە، ئێوە چۆن ڕووبەڕووی وشکەساڵی و کەمیی ئاوی پاك بوونەتەوە؟**

- جێگای داخە هەرێمی کوردستان لە بەردەم قەیرانێکی کەم ئاوی و کەمی باران و کەمبوونەوەی ئاوی زێ و ڕووبار و کارێز و کانیاوەکاندایە، ئەمەش کاردانەوەی زۆر خراپی لەسەر دابینکردنی ئاوی خاوێن بۆ هاووڵاتیان هەبووە، سوپاس بۆ خوا لە دەڤەرەکەماندا تا ئێستا گرفتی وا گەورە دروست نەبووە، ڕاستە کەم ئاوی هەموو ناوچەکان تووشی بوون و ئێمەش ئامادەکاریمان کردووە بۆ ئەگەری کەوتنەوەی هەر گرفت و کێشەیەکی کەم ئاوی بۆ دانیشتووان. ئومێدەوارم پرۆژەی ئاوی دەربەند تەواو بکرێت کە لە٢٠٠٦ ـەوە بۆ شاری ڕانیە دەرچووە و پرۆژەیەکی گرنگی ئاوی خواردنەوەیە بۆ ڕانیە و چوارقوڕنە و حاجیاوا، بەڵام بەهۆی گرفتی تەکنیکی و داراییەوە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، لە ئێستادا ئەنجومەنی وەزیران بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژەیە ڕەزامەندی دەربڕیوە.

*** لە بواری کەرتی پەروەردە کە بەهۆی پەتای کۆرۆناوە لە دۆخێکی باشدا نەبووە، ئایا بۆ پرۆژەکانی ژێرخانی پەروەردە چیتان کردووە؟**

- قەیرانی دارایی و ئەو فراوانبوونە خێرایەی کەرتی نیشتەجێبوون لە ڕاپەڕین بەخۆیەوە دەبینێت، ئەوە دەخوازێت بینایەی قوتابخانەکان نۆژەن و فراوان بکرێنەوە و تەنانەت لە زۆر گەڕەکی نوێ بینایەی قوتابخانەی نوێ دابنرێت، بۆیە داواکاریی زۆرمان لەم بوارەدا هەیە.

*** لەبواری ڕێگاوبانەکاندا کە بۆ بەستنەوەی دەڤەری ڕاپەڕین بە شار و شاروچکەکانەوە زۆر گرنگە، لەم ڕووەوە چی کراوە؟**

- بە خۆشحاڵییەوە ئەو بەشەی ڕێگای بە دوو سایت کردنی ڕانیە – چوارقوڕنە – دووکان لە دواقۆناغیدایە و بەشەکەی دیکەی دەکەوێتە سنووری بەڕێوەبەرایەتیی ڕێگاوبانی سلێمانییەوە، ئومێد دەکەم ئەم ڕێگا ستراتیژییە گرنگە لە دوو مانگی داهاتوو تەواو بێت، کە کارئاسانییەکی باشی بۆ هاتوچوو هەیە و دەرفەتێکی باشیش بۆ گەیاندنی بەروبوومی جووتیاران دەبێت.

**ئامادەین هەموو هاوکاری و پشتگیرییەکی کەرتی تایبەت بکەین، بۆ ئەوەی بێتە دەڤەرەکە و پرۆژەی گەشتیاری لە ڕاپەڕین ئەنجام**

**قەیرانی دارایی و شەڕی داعش و پەتای کۆرۆنا و لە ئێستاشدا وشکەساڵی هەمووی کۆمەڵێك گرفت و ئاستەنگی مەترسیدارن و لە هەوڵی ڕووبەڕووبوونەوەیدا بووین**

**ڕێگای بە دوو سایت کردنی ڕانیە – چوارقوڕنە – دووکان لە دواقۆناغیدایە و بەشەکەی دیکەی دەکەوێت سنووری بەڕێوەبەرایەتیی ڕێگاوبانی سلێمانییەوە**

# لە ژینگەی حکومەتییەوە بۆ حکومەتی ژینگەیی

ژینگە چەمکێکی یەکجار فراوانە و هەموو ڕووبەر و پانتاییەکی ئەم جیهانە لەخۆ دەگرێت، بۆیە وڵاتان بە مەبەستی دابەشکردنی ئەرکەکان وەزارەتێك، یان ئاژانسێك، یان دەستەیەك بۆ ژینگە دادەمەزرێنن، وەك لایەنێکی چاودێر و ڕاوێژکار، ئەم دامەزراوەیە نوێنەرایەتیی فەرمیی ژینگەی حکومەت دەکات، بەڵام کاتێك کە ئەنجومەنێکیش لە وەزارەت و دەستە جێبەجێکارەکان دادەمەزرێنن بۆ جێبەجێکردنی مەرجە ژینگەییەکانی نێو یاساکانی ژینگە، ئەم ئەنجومەنە بۆ ئەوەیە پرسی ژینگە فراوانتر بێت و، حکومەتێکی ژینگەیی بەرهەم بهێنێت.

هەر بەم شێوەیەش لە هەرێمی کوردستاندا دەستەیەك هەیە بە ناوی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، کە دەستەیەکی چاودێریی و هەماهەنگیی ژینگەییە و کاردەکات لە سەر :

هەڵسەنگاندنی کاریگەرییە ژینگەییەکان و، ڕەزامەندیدان، یان نەدان بە پرۆژەکان و، چاودێریکردنیان.

هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەت و دەستە جێبەجێکارەکان.

بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی.

ئامانجەکانی دەستەی ژینگە بریتین لە: پاراستن، چاککردن، گەشەپێدانی بەردەوام.

هۆکار و ئامرازەکانیشی بریتین لە: هۆشیاریی، یاسا، تەکنۆلۆژیای نوێ.

● **کارەکانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە:**

**یەکەم:** ئەو کارانەی کە لە ئەستۆی خودی دەستەی ژینگەدان ئەمانەن:

١- ڕەزامەندیدان یان ڕەزامەندیدان بە پرۆژەکان لە جۆری پیشەسازی، پیشەسازیی خۆراك، خزمەتگوزاری، نیشتەجێکردن، بازرگانی، کشتوکاڵی، تەندروستی، مۆڵەتی ڕاو، گواستنەوەی دار، بیری قووڵ، ماددەی تیشکاوەر.

٢- کەیسەکانی دادگا: سکاڵا، سزا، پێبژاردن، بەڵێننامە.

٣- بەدواداچوون و پشکنین بۆ پرۆژەکان بە مەبەستی دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی مەرجە ژینگەییەکان.

٤- پشکنینی تاقیگەیی وەك: پشکنینی کیمیاویی خاك، پشکنینی کیمیاویی ئاو، پشکنینی بەکتریۆلۆجیی ئاو، پشکنینی دیکەی پێویست بەپێی جۆری پرۆژەکان.

٥- سەپاندنی ڕووبەری سەوزایی بۆ پرۆژەکان، هەروەها سەپاندنی ڕووبەری لەبری سەوزکردن بۆ ئەو پرۆژانەی پێش دەرچوونی یاسای ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠٠٨ تەواو کراون، بێ هەبوونی ڕووبەری سەوزایی تەواو.

٦- هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی وەك:

هاندانی هاووڵاتیان بۆ بەشداربوون لە هەڵمەتەکانی پاککردنەوە و نەمام چاندن.


بەستنی کۆڕ و سیمینار و وۆرکشۆپ و بەرنامە و دیداری میدیایی لە تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە و گۆڤار و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

پێشوازیکردن لە خاوەن دەستپێشخەرییە ژینگەییەکان، کۆمپانیاکان، کەسایەتییەکان، زانکۆکان و...هتد.

کۆکردنەوەی ئارەزوومەندانەی ڕێکخراوە ژینگەییەکان لە بۆردی ڕێکخراوەکاندا.

**دووەم:** ئەو کارانەی کە وەزارەت و دەستە جێبەجێکارەکان ئەنجامی دەدەن.

ئەمەش ئەو کارانەن کە وەزارەت و دەستە جێبەجێکارەکان ئەنجامی دەدەن، بە هەماهەنگیی لەگەڵ دەستەی ژینگە لە چوارچێوەی ئەنجومەنی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و، کۆبوونەوە دوو قۆڵییەکانی نێوان دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و هەر وەزارەت و دەستەیەکی پەیوەندیدار، بۆ گفتوگۆ لەبارەی ئەرکە ژینگەییەکانیان وەك ئەم نموونانەی لای خوارەوە:



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

● **وەزارەتی ناوخۆ:**

کاراکردنی پۆلیسی ژینگە و دارستان لە ڕووی پێکهاتە و پێداویستییەکانیەوە.

هەموارکردنەوەی یاسای هاتوچوو بە ئاراستەی ڕێگریی لە سەرپێچییەکان. پێداگریی زیاتر بۆ هەبوونی مەرجە ژینگەییەکان لە هۆکارەکانی گواستنەوەدا.

ڕێکخستنەوەی ئاراستەکانی هاتوچووی هۆکارەکانی گواستنەوە لەسوودی ژینگەدا.

ڕێگرتن لە مانەوەی ئۆتۆمۆبێلی تەمەن ٢٠ ساڵ لە سەنتەری شارەکاندا.

وەرگرتنی باجی ژینگەیی تەنیا لە ئۆتۆمبێلە سەرپێچیکارەکان بێت، نەك لەهەموان.

● **وەزارەتی داد:**

دانانی دادوەری ژینگەیی لە دادگاکاندا.

پێکهێنانی دادگایەکی ژینگەیی بۆ تاوانە ژینگەییەکان.

خێراترکردنی پەسەندکردنی ڕێنماییە ژینگەییەکان لە ئەنجومەنی شورای هەرێم.

● **وەزارەتی پێشمەرگە:**

بایەخدان بە پاراستنی ژینگە وەك بەشێك لە ئاسایشی نیشتمانی.

خاوێنکردنەوەی شوێنەکانی مەشق و ڕاهێنان لە پاشماوەی تەقەمەنییەکان.

مامەڵەکردنی زانستییانە لەگەڵ ئەو ماددانەی لە نێو تەقەمەنییەکاندان، وەك قورقوشم و کادیمیۆم و زینك و ئەنتیمۆن کە هەڕەشەن لە سەر مرۆڤ و سامانی ئاژەڵی و سەرچاوەکانی ئاو.

ڕێگرتن لە پرۆسەی خۆرزگارکردن لە پاشماوەی تەقەمەنییەکان بەر لە خستنە ژێر خاك و فڕێدانە نێو ئاو.

بایەخدانی ڕۆژانە بە بەکارهێنانی کەلوپەلی دۆستی ژینگە لە دامەزراوە سەربازییەکاندا.

بەکارهێنانی هەلیکۆپتەری سەربازیی لە بواری چاودێریکردنی گۆڕانکارییە ژینگەییەکان و فرەجۆریی بایۆلۆجیدا.

تۆمارکردنی ژیانی خۆڕسکی گیانلەبەر و ڕووەکەکان لە ناوچە تایبەتە سەربازییەکان.

● **وەزارەتی دارایی و ئابووریی:**

بایەخدان بە پرۆسەی پارەدارکردن بۆ:

دابینکردنی پێداویستییەکانی تاقیگەکانی ژینگە.

پاڵپشتییکردن لە پرۆژەکانی کشتوکاڵی ئۆرگانی و پیشەسازیی ژینگەدۆست.

هەنگاونان بەرەو وەبەرهێنانی سەوز و، چەمکی ئابووریی سەوزی بەردەوام و پرۆژە سەوزەکان.

هاندانی کەرتی تایبەت بۆ کاراکردنی چەمکی بانکی سەوز و، پارەدارکردنی سەوز بۆ پرۆژەکان.

هەماهەنگی و هاوکاریی نێودەوڵەتی بۆ گواستنەوەی ئەزموونی ئابووریی سەوزی وڵاتان.

● **وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

کەمکردنەوەی هەژاری و بێکاری بە مەبەستی ئامادەکردنی هاووڵاتییەکی خودبژێو کە بتوانێت ژینگە و پاراستنی یەکێك بێت لە خەمەکانی، ئەمەش لە ڕێگەی:

زامنکردنی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو توێژانەی کە پێویستییان پێی هەیە.

داهێنانی سیستمێکی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ تاك و کۆی کۆمەڵگە.

ئامادەکردنی ئەوانەی توانای کاریان هەیە لە ڕێگەی ڕاهێنان و شیاندنیان بۆ بازاڕی کار.

پاڵپشتییکردنی خاوەن پرۆژە ژینگەییەکان بە پێدانی قەرزی بچووك.

بنیاتنانی پەیکەری گونجاو بۆ پەرینەوەیەکی ئارام بەرەو ئامانجەکانی پلانی ٢٠٣٠.

● **وەزارەتی شارەوانی:**

بە گەڕخستنی سیستمێکی پێشکەوتووی ڕیسایکلین بۆ کۆکردنەوەی سەردەمییانە و، جیاکردنەوەی زانستییانەی جۆرەکانی زبڵ و خاشاك.

زیادکردن و پاراستنی ڕووبەری سەوزایی پارك و باخچەکان.

● **وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

کردنەوەی بەشی زانستەکانی ژینگە لە کۆلێژە پەیوەندیدارەکانی زانکۆ حکومی و ئەهلییەکاندا.

بایەخدان بە توێژینەوە ژینگەییەکانی ئاستی سەردەم بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە ژینگەییەکان.

● **وەزارەتی پەروەردە:**

دانانی بابەتە ژینگەییەکان لە نێو پرۆگرامی گشت قۆناغەکانی خوێندندا.

زیادکردنی چالاکییە ژینگەییەکان لە ناوەندەکانی خوێندندا.

پابەندبوون بە ڕووبەری سەوزایی ستاندارد لە ناوەندەکانی خوێندندا.

● **وەزارەتی پلاندانان:**

جێکردنەوەی ژینگە لە نێو پلانی ساڵانەی وەزارەتەکاندا.

جەختکردنەوە لە سەر باسە ژینگەییەکان لە دیدگای ٢٠٣٠ دا.

پشتگیریکردنی پارەدارکردن بۆ پرۆژە ژینگەییەکان.

● **وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

گەشەپێدان بە دارستان و ڕووبەری سەوزایی بە پێی میکانیزمە نوێیەکانی سەردەم.

دروستکردنی بەنداو و گۆل بۆ کۆکردنەوەی ئاو.

ئیدارەدانی زانستییانەی ئاو و نوێکردنەوەی سەردەمییانەی پرۆسەی ئاودان و داهێنانی کشتوکاڵکردنی زیرەکانە.

هەوڵدان بۆ سوودوەرگرتن لە پەینی سرووشتی.

● **وەزارەتی تەندروستی:**

رزگاربوونی زانستییانە لە پاشماوەی نەخۆشخانەکان.

بەکارهێنانی سیستمی ئۆتۆکلەیڤ لە حاڵەتی پێویستدا.

تەرخانکردنی ڕووبەری سەوزایی ستاندارد بۆ نەخۆشخانەکان.

● **وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی:**

دانانی باجی زیاتر لەسەر هاوردەکردنی مادده پلاستیکییەکان.

قەدەغەکردنی بەکارهێنانی کیسەی نایلۆن.

گێڕانەوەی کەلوپەلی هاوردەکراو و ماوەبەسەرچوو بۆ شوێنی خۆیان، نەك لەخاکنانی لە نێو هەرێمدا.

قەدەغەکردنی هاوردەکردنی ئامێری ساردکەرەوەی زیانبەخش بە چینی ئۆزۆن.

هاندان بۆ هاوردەکردنی ئۆتۆمۆبێلی دۆستی ژینگە.

● **وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان:**

باشترکردنی کواڵێتی سووتەمەنییەکان.

قەدەغەکردنی دانانی پاڵاوگەی نایاسایی.

ڕاگرتنی سووتاندنی غازی هاوەڵ.

وەبەرهێنان لەبەرهەمهێنانی غازی ئازاد و سووتەمەنیی پاك و وزەی نوێبووەوە.

دابینکردنی ئامێر و ئامرازەکانی پێوانەکردن و چاودێریکردنی پیسکارەکانی هەوا.

هاوردەکردنی نوێترین تەکنۆلۆژیای سەوز لە بواری بەرهەمهێنانی نەوتدا.

● **وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی:**

ڕێکارە ژینگەییەکان بۆ مزگەوت و پەرستگاکان:

أ- ڕێکارە مادديیەکان

دامەزراندنی دابینکردنی کارەبا بە وزەی خۆر لە بری مۆلیدەکان.

بەستنی شێرەی ئاو لە جۆری هەستیار بۆ پاراستنی بڕی ئاوی بەکارهاتوو.

هەبوونی حەوزی کۆکردنەوەی ئاوی باران.

هەبوونی دەرچەی ئۆتۆماتیکی لە بنمیچی مزگەوت و پەرستگاکان.

ڕووپۆشکردنی زەمینەی مزگەوتەکان بە سیرامیك لە بری فەرش.

بەکارهێنانی قاپ و سفرە و کوپی کارتۆن، یان پلاستیکی، لەتوانادا بوو بۆ شیبوونەوە.

بەکارهێنانی قوماش لە بری فلێکس.

دانانی سیستمی ڕیسایکلین بۆ ئاوی بەکارهاتوو، بەکارهێنانەوەیشی بۆ شتن و ئاودان.

تەرخانکردنی ڕووبەری سەوزایی ستاندارد لە مزگەوت و پەرستگاکان.

ب - ڕێکارە واتاییەکان:

تەرخانکردنی ماوەیەك بۆ باسی ژینگە لە وتارەکانی هەفتانەی هەینیدا.

لەچاپدانی بابەتەکانی پەیوەست بە ئایین و ژینگە.

وەبەرهێنانی ئایینی لە بۆنە ژینگەییە ناوخۆیی و جیهانییەکاندا.

● **وەزارەتی کارەبا:**

دانانی یەکەی چارەسەر بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا.

زیادکردنی بڕی کارەبای بەرهەمهاتوو لە سەرچاوەی وزە نوێبووەکانەوە.

● **وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن:**
کاراکردنی سیستمی هاتوچووی سەوز و، پێناسەکردنی سیستمی هاتوچووی سەوز بە واتای: بەکارهێنانی هەر هۆکارێکی هاتوچووی کەم کاریگەر لەسەر ژینگە کە ئەم مەرجانە لەخۆ بگرێت:
أ- سەلامەتیی گەیاندن و پاراستنی ژینگە و تەندروستیی مرۆڤ.
ب- دابینکردنی یەکسانیی لە نێوان سەرنشینەکاندا.
ج- وەرگرتنی نرخێکی گونجاو.
د- دابینکردنی زیاتر لەیەك بڕاردە لە هەڵبژاردنی هۆکاری گواستنەوەدا.
ها - سنووردانان بۆ گازە دەردراوەکان و پاشماوەکان.
و- زیاتر بەکارهێنانی دەرامەت و وزە نوێبووەکان.
ز- ژاوەژاوی کەم و کاریگەریی کەم لەسەر بەکارهێنانی زەوی.
ح- خۆدوورگرتن لە بازرگانیکردن بە زاراوەی گواستنەوەی سەوز (گرین واش).

● **وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن:**
کەمکردنەوەی کاریگەریی نەرێنی ڕێگاوبان و بیناو خانووبەرە لە ڕێگەی
بەکارهێنانی دەرامەتەکان بە کارامەیی بۆ کەمکردنەوەی پاشماوە.
بایەخدان بە بینای ستوونی لە بری ئاوەدانکردنەوەی ئاسۆیی.
بەکارهێنانی ئەو ماددانەی کە دۆستی ژینگەن و، توانای دووبارە بەکارهێنانەوەیان هەیە.
بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزەی نوێبووەوە.
باشتر دابینکردنی ڕووناکی و بەکارهێنانی ڕووبەرەکان.
سوودوەرگرتن لە دواهەمین پێشکەوتنە نوێیەکانی بواری بیناسازیی سەوز.
پەلەکردن لە دامەزراندنی هێڵی شەمەندەفەر بۆ گواستنەوەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.

● **وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان:**
زیادکردنی بەرنامە و بابەتە ژینگەییەکان لە گشت هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا.
هۆشیارکردنەوە و کاراترکردنی ڕۆڵی لاوان لە پاراستنی ژینگەدا.

● **فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە:**
گەیاندنی هەوڵە کوردستانییەکان لە بواری ژینگەپارێزیدا بە دەرەوە.
هەوڵدان بۆ بنیاتنانی پردی پەیوەندیی لە نێوان دامەزراوە ژینگەییەکانی جیهاندا لەگەڵ وەزارەتەکان و، لەگەڵ دەستەی ژینگەدا.
ڕەخساندنی هەلی بەشداریی هەرێمی کوردستان لە چالاکییە ژینگەییەکانی دەرەوەدا.

● **فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان:**
هەماهەنگیی لەگەڵ دەستەی ژینگە لە پێدانی مۆڵەت بە ڕێکخراوە ژینگەییەکان.
جێگیرکردنی پسپۆڕێتیی ورد لە کاری هەر ڕێکخراوەیەکی ژینگەییدا.
پێداچوونەوە بە مۆڵەتی ڕێکخراوە ژینگەییە ناکاراکان.

● **دەستەی وەبەرهێنان:**
سەپاندنی مەرجە ژینگەییەکان لە گشت پرۆژەکانی وەبەرهێناندا.
هاندانی کۆمپانیاکانی بۆ وەبەرهێنانی ژینگەیی.

● **دەستەی گەشتوگوزار:**
تەرخانکردنی بڕێك لە داهاتی گەشتوگوزار بۆ شیاندنەوەی ژینگە، کە بەشێك لە گەشتیاران بە هۆی کەمیی هۆشیاریی ژینگەیی و کارانەکردنی سزای دارایی بۆ سەرپێچییەکانی، زیانی زۆر بە ژینگە دەگەیەنن.
کەمکردنەوەی فشار لە سەر ژینگە و، دۆزینەوەی فاکتەرێکی هاوپشت بۆ گەشتیاریی ژینگەیی، وەك: گەشەپێدان بە گەشتیاریی ئایینی، گەشتیاریی شوێنەواری، بایەخدان بە مۆزەخانەکان.
کارکردن بە مەرجەکانی پاراستن و چاککردنی ژینگە لای دەستەی وەبەرهێنان بۆ پرۆژەکانی گەشتوگوزار.

● **دەستەی کاروباری مین:**
سوودوەرگرتن لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ خێراترکردنی پووچەڵکردنەوەی مینەکان.
ڕەچاوکردنی مەرجە ژینگەییەکان لە چۆنیەتیی ناوبردنی مینە کۆکراوەکان.

● **ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان:**
کاراترکردنی چەمکی یەکسانیی جۆری کۆمەڵایەتی لە بواری ژینگەپارێزیدا.
گێڕانەوەی ڕۆڵی خانمانی کورد لە بایەخدان بە جوان مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهێنەرەکانی ژینگەدا.
سوودوەرگرتن لە ئەزموونی خانمانی جیهان لە خەباتی ڕێکخراوەیی ژینگەییدا.
لە کۆتاییدا گرنگە ئاماژە بەو ڕاستییەش بدەین، کە ئەم بوارە فراوانە و دەکرێت لە ئێستا و لە داهاتوودا ئەرکی ژینگەیی وردتریش بۆ هەندێك وەزارەت و دەستە و دامەزراوەی دیکەش دیار بکرێن، لەگەڵ زیاتر پەرەسەندن و قووڵبوونەوەی زانستەکانی ژینگە لە هەر دوو بواری تیۆری و پراکتیکی.